تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

دیوانی پاکی

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

چاپی یەکەم
2007

عەلی ئەحمەد تامیر

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

شیعر

دیوانی پاکی

چاپی یەکەم

٢٠٠٧ز

پێناسی کتێب

ی کتێب: دیوانی پاکی

ـــەت : شیعر

ی نوسەر: عەلی ئەحمەد تاهیر(پاکی)

ارەی سپاردن: ٦٥٦ ی ساڵی ٢٠٠٦

ارەی چاپ: چاپی یەکەم - ٢٠٠٧

پ نەخشەسازی : عوسمان کەریم

ە: چاپخانەی هێمن - سلێمانی

اژ: (٥٠٠) دانە

(پێشەکی)

لەمودتای خۆم تاسی وه خۆشیم نەدیوه بەدەردەسەری و کوێرەوەری ژیاوم. لەگوندێکی کوردستانی ڕۆژ هەڵات لەدایك بوم لەسەر زەوییەکی ڕەق وتەق فەلاحەتیم کردووە بەبیٚ یارمەتی دەوڵەت و کەس و کارم جگە لەوەی کە من خزمەتی ئەوانم کردووە.

ئەوان بەخراپ وەڵامی منیان داوەتەوە . پارەم نەبوو گا جوتێك بکڕم گویٚ درێژێك و مانگایەکم گێڕاوە تا موحتاجی دەستی نامەرد نەبم. وەدەمەتەقەی شاعیرو مانگاکە شاهیدە لەدیوانەکەدا.

ئیتر بەوە نەوەستام دەستی ماڵ و منداڵم گرت و ڕۆشتم بۆ شاری غەریبی بۆ سەر کورەخانە تابەسەر بەرزی بژیم

ڕۆژێ لەم کوردستانە نەبووە بستێك خاك ڕۆژی لیٚ هەڵ نەهاتبیٚ. تەم وو مژی تاریك و دەرەبەگ و خان و نۆکەرو قوله کوێنی بەری چاوی جوتیارانی نەگرتبیٚ.

ئەوەی من لەم دیوانەدا ئاماژەم پیٚ کردووە ژیانی هەزاران ماڵی کوردی کوردستانی ڕۆژ هەڵاتە.

هەژاریشم زۆر خۆش دەوێت و بەپاکی خۆشم دەوێن. نازناویشم (پاکییە) زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە یارمەتیان دام بۆ چاپ کردنی ئەم دیوانە بەتایبەتی ئەوانەی ڕەخنەیان لیٚ گرتم و هەڵەکانیان بۆ ڕاست کردمەوە.

سوپاس بەڕێزان.

١- خالید محمەد

٢- سەلاحەدین حەسەن

٣- هیوای محەمەدی

٤ - ژاکاو

ئەمە دوا بەرهەمم نیە بەرهەمی تریش بەڕێوەیە.

شین بۆ شەهیدی وەتەن.......... ٣٥
گزەبای رەش.......... ٣٧
موعەلیم بوو ٤٠
ئامۆژگاری موعەلیم بۆ منداڵان.......... ٤١
قوتابی گەلی کورد.......... ٤٢
وەتەن.......... ٤٣
بەخت و بێبەختی ٤٤
تاریخی بناویلێ کوردان ٤٥
کۆنە گورگێ دۆلی کەندەلێ ٤٩
موناجات ٥٢
موناجات ٥٤
دوور لەوڵاتم.......... ٥٥
پارچە.......... ٥٦
پارچە هەڵبەست- ئامیلکەی یەکەم.......... ٦٤
ئامیلکەی دووەم.......... ١٠٦
زاڵم ١ .... ١١٧
زاڵمی ٢ .... ١١٩
چوارینە.......... ١٢١
پشتیوانی قورئان.......... ١٢٤

پێرست

کوردی بزانە.......... ١
تۆبەمێ ٢
مەتح و سەنای پێغەمبەر.......... ٥
سەنای پێغەمبەر.......... ٦
بانگەوازی هەق.......... ٧
ئیسلام ٨
عیلم و عالەم.......... ٩
عیلم و زانیاری بۆ مرۆڤ.......... ١١
نیشتیمان.......... ١٣
شین بۆ گەلی کورد.......... ١٤
وەتەن.......... ١٥
دنیا وەك دەستی خەراب وایە.......... ١٦
پەلەی ئەنگ.......... ١٧
دایکی دڵسۆزو قوتابی وشیار.......... ١٨
بەرزە فڕ.......... ٢٠
گلەیی شاعیر لەزەمانە ٢١
وەڵامدانەوەی نیما، ساحێبی بانگی نامە.......... ٢٢
پارێزگای فارس.......... ٢٣
راپەڕینی گەلانی ئێران.......... ٢٤
ئوستانی فارس.......... ٢٥
موعەلیم.......... ٢٦
بەچەی ئێرانیم.......... ٢٧
پەخشانی تاریکە شەو.......... ٢٨
داستانی تاریکە شەو.......... ٣٠
کۆلکە زێڕینەی پاش باران.......... ٣١
موناجات.......... ٣٢
گۆێرەوەری مەریوان.......... ٣٣
ئاخ وەتەن ٣٤



کوردی بزانە

وەرعەزیزیە کوردی بزانە
زمانی کوردی گەلێک ئاسانە
چۆلەکە کە بەزمانی خۆیی ئەخوێنێ
گەزۆری بۆخەلت ، بۆی دەجوکێنێ
تۆش وەک چۆلەکە بەزمانەکەی خۆت
بڵێ من کوردم بەش بە حەقی خۆت
کوردی بخوێنە هەتاکو ماوی
کوردی نەزانی زۆر ناتەواوی
لێ گرتنە بە دڵ ، بۆ زمانی خۆت
دایکی نیشتمان دوعاگویە بۆت
خزمەت بە گەل و بە نیشتیمانت
پتەو تردەکا دین و ئیمانت
«نوسیم بە کوردی کتێبێکی سوک
سادە و ئاسان بێ بۆگە ورە و بچوک »[1]
«بخوێنە کوردی چونکی ئاسانە
نێزیکی فکری ورشت سڵانە »[2]

(1) ئەمو و بەیتەی لە ماموستا مەلا کەریم بیارەن

(2) ئەمو و بەیتەی لە ماموستا مەلا کەریم بیارەن

تۆبەبێ

موناجات

من کە عەبدێکی فەقیری ئەم جیهانم ، تۆبە بێ
موستە حەقی گێژەڵوکەی بای خەزانم ، تۆبەبێ
من کە غەرقی گێژی بەحری بێکەسانم ، تۆبە بێ
من کە شە رمەندەی خودامو، دڵبەرانم ، تۆبەبێ
وەفەرپزی پڕگوناهو عاسیانم ، تۆبە بێ

وا بە دەستی نەفسی بەدکردارەوە ، وەیلانە بوم
دەستە پارچە شێتو شەیدا و سەرسەری و دێوانە بوم
هەربە یادی زەرق و بەرق و خۆشی ئەوجیهانە بوم
تاوەکو عومرم تەواو بوو – هەر لە دووی ئەفسانە بوم
وەلەگەڵ دەستەی ئەظلم و « ئەمیاراتم» تۆبەبێ

داری عومرم هاتە گز بون ، تازە شین نابێتەوە
باخی ژینم دواگوڵانی خۆی بڕیوە ، چۆڵەوە
باسی دین و ئەوجیهانەم تازە بیر کردوتەوە
ئیدی ڕێی ڕوحم نەماوە ، تونێلو دور کەوتوتەوە
بۆڕەحمی پەروەردگارم چاوەڕوانم ، تۆبە بێ

نەبوە جارێ ، ڕوکەدین و ئایین و تەقوابکەم
نەبوە جارێ شێخیسلام ؛ زکر و یادی خوا بکەم
نەبوەجارێ پشت لە کوفرو ڕو لە قورئانابکەم
نەبوە بێ خەم دابنیشم چاری دەردی وا بکەم
شەرمەسار و بێ زەخیرەی دوجیهانم تۆبە بێ

هاتی و پیر بوویو کەوتی ، ڕوی جیهانت بۆچیە
لالە زار و باخ و باخات و ژیانت بۆچیە
بەڵە خانە و نەونەمامی شاخ و جوانت بۆچیە
دەوڵەمەندی و تەشویقات و نیونیشانت بۆچیە
مل کەچی باری گوناە و ئیمتحانم ، تۆبە بێ

ئارەزوی دنیا لە لایەک ، ماڵ و سامانیش هەمو
پێجگە قازانجی لە بۆمن هیچ نیە ، بوونە درو
هەر وەکو شێتێکی بە دخو واڵە من بوونەعەدو
چوومە ژێر باری جەهل ، خۆ بۆمە هاوڕازی سەهو
شەرمە سار ڕو ڕەشی هەر دو جیهانم تۆبەبێ

من هەژارێک بم ، یا خۆدماڵ و سامانم هەبێ
هیچ نیەسودی لە بۆمن گەرچی ئیمانم نەبێ
وشکە سواڵی بم لە گوشەی خانەقادابم لە دێ
ئەی خەجاڵەت بار و شەرمەندەی خوا خۆم چێبەجێ
چیم بە خۆم کرد لەم جیهانە ، پەشیمانم تۆبەبێ

لەم جیهانوسەر زەمینە گەرچی هەوڵی ژینمە
هەرلەبۆنانە ، لە بۆژینە هەوڵی دینمە
یەک سەعات بۆ دینمە ، چلسەدسەعات بۆ ژینمە
ئالە واو و بێ موبالات ، کوالەوە ئایینمە
هیچ نیە ئەسناد و بەڵگە بۆ ئیمانم ، تۆبە بێ

ئەوڕۆ بەسەرخۆم لەو جیهانە چی‌بکەم ماڵوغەریب
من نەخۆشێکی مودانوا، بێ دوکتور و بێ تەبیب
ڕێگە دوورو بێ زەخیرە ، پیرەطیق و بێ نەسیب
کوێرم و سەرلێ شێواوم نابینم یاری ئەجیب
سەرکزی و باری گوناهم ، ناتەواوم تۆبە بێ

وا بە خۆڕایی لە دەستم دا هەمو عومرم تەواو
کەوتمە نێو گێژی گوناه ، پیرە بوم و چوم لەناو
باری قورسایی گوناهم هاتەسەر شانم بەتا و
سەرلێ شێواو و غەریبم ، ئەی لە خۆم خاڵەخەراو
ئاورەجێگەی گوناهبارمن لەوانم ، تۆبە بێ

من لە وەعدی زاتی باری سەد کەرەت چوومە دەرێ
نامەدڵێ ئاوی حەیات و ئاوچەشمە ئاوی کەوسەرێ
بەوهەمو شەرمەندەیی چاوی بکەم بۆ دڵبەرێ
بێ لەچاوم دا لەگریان و هەمو دەردی سەرێ
چێ بکەم کە سوکـوچروکی ئەو جیهانم ، تۆبە بێ

ئەی لەدڵ چی کرد لەمن زاماری کردم بێ قسور
ئەی لەدڵ چەند بێ حەیایە و بێ مەجاز و بێ سنوور
ئەی لەدڵ چەند بێ وەفایە کە نیەتی شەرمی حزوور
دور لەیارو خۆشەویستیت ، کوانێیە کەیف و سروور ؟
بەو هەمو سوچو خەتاوە نیگەرانم . تۆبە بێ

بە «بسم اللّٰه» هەر ببەخشە یا رحمان و یارحیم
من دەڵێم « الحمدلله » خالقی کوللی حەشیم
گەر دەکەین عەبدایەتی موحتاجی تۆیین زاتی حەکیم
بم دەرێ هدایەت و بمخە سەر ڕێی موستەقیم
گوێ گرە «پاکی» کەشین وگریەنم تۆ بەیێ

۷۵/۸/۲۸
گوندی ئارمەرخەی بانە

مەدحو و سەنای پێغەمبەر

یا « رسول‌الله » غەریقی گێژی عیسیانم ئەمن
بۆ فجوری فیسق بێ شک مەعدەن و کانم ئەمن
بێی بەھاناموە خیلم ڕۆژە کەی «ھَل‌مِن مَزید»
چونکە سوتوی دۆزەخە سەرتا بەدامانم ئەمن
چۆن نەگریێم بۆ خەجاڵەت باری و شەرمەندەییم
گوێ لە مەشقی نەفسی شووم و مەکری شەیتانم ئەمن
گەرچە تاعەت چاری دەردی من نەکات مەعلومە لام
مل بە تەوق و دەستە بە ستەی قەھری ڕەحمانم ئەمن
خۆشخودا فەرمویەتی « لا تقنطو من آلرحمە» تی
موژدە بۆ ئەھلی شەقایە وا ڕەییسیانم ئەمن
ئێنتزاری ھەوری لوتفی ڕەحمەتم بۆ قە ترە بێ
با سەگیش‌بم موستەحەققی لوقمەیێ نانم ئەمن
چاوی ئومێدم بڕێ ئوزی لە بۆ ڕۆژی جەزا
ڕوو ھیوا کەم وایە عەبدی شاھی مەردانم ئەمن
ئاه و ناڵەت بو ڕیایە قانعە سودی نیە
قوڕ بپێوم ھەرلەئەزەلەوە تا بە سەرفانم ئەمن.

١٣٧٢/١١/١٠

«سەنای پێغەمبەر»

یا«رسول‌الله» خەجاڵەت بار مو شەرمەزارتم
ڕوسیاهی بێ زەخیرە وێنەی گەداتم لەمن
گەرنەکەی ڕوحمێ بە حاڵم ، ڕێی نەجاتم بۆنیە
یا «محمد» گیر خواردوی پردی سیراتم لەمن
بۆنەپرژم ئاو لە چاوم بۆ نەکەم شین و گرین؟
گەر نەبێ لوتفی جەنابت ، دور لە جەنناتم لەمن
غەیری تۆنیمە پەناهێک « یا رسول‌الله» لەمان
چاو بە گریە ، بێ تۆ و پێشو وەک گەدا لاتم لەمن
ڕوسیاهم ، پر گوناهم ، دۆزەخە جێگەم لە وێ
شافیعی ڕۆژی جەزایو هەر بە هیواتم لەمن
بێ تۆ پێشوو بێ زەخیرە ماوم و چارم نیە
یا «محمد» وەک گەدایەک والە دەرگاتم لەمن
ڕوحمی خێرت بێ ، گەلێمەش ئومەتی بوێن و هەژار
گەرنەکەی ڕوحمێ بە حاڵم ، لەعلی زەلماتم لەمن
موستە حەقی دۆزەخم ، ئەی حەبیبی زولجەلال
دالمەن بۆ بە حدی لوتفت هەر بە ئاواتم لەمن
ڕوم نیە بێمە حزووڕو وێنم نیە بێمە ئەکا
«پاکی» عومرم چو بە بادا ، چاو لە ڕێگاتم لەمن

«بانگەوازی حەق»

لە نێو ئەهلی ئەشعەریدا ، ئەگەر ئەوجێنی عومەر کەن

دەبێ ئەرکی نوێژ و ڕۆژ و بۆنی عودو عەنبەر کەن

ئەگەر سوورن لە سەر لۆمەی سەدیق و عومەر و عوسمان

دەبێ ئەرکی ڕوناکایی مریخ و ماه و ئەختەر کەن

هەموو خێزانی پێغەمبەر کە قورئان پێی دەڵێ پاکە

لە سورەی نور بە چەن ئایە کراوە مەنعی باوەڕکەن

ئەگەر قودرەت نمایی با لە نێو وانا زەمانی زوو

چلۆن ئیسلامەتی ئاوا دەڕوا ، ئاچاری قەیسەرکەن

ئەوان یەک بوونو یەک دڵ بون ، لەگومڕاهی گەلێ دورن

چلۆن باوەڕ دەکەن قوربان کە ڕەددی زانی حەیدەرکەن

بە قەولی ئەو ئەشعەریە دەڵێن زۆر دارو غاسب بون

خەریکن وا بە ئاسانی هەموو ئیسلامی پەرپەر کەن

ئەگەر حەیدەر بمابایە ئەئەم عەسرە وەکو پاکی

بەگشت ئەهلی ئەشعەریی دەوت ئەوکارە سەردەرکەن

١٣٧٧/٦/٢٢/چوار مەحاڵ بەختیاری

ئیسلام

ئیسلامە لە نێو جەهل و نەزانیدا غەریبە

ئیسلامە لە نێو دوژمنا ئەمڕۆکە رەقیبە

بوّتە هاوڕازی خەڵک پڕو پووچ و نەزانی

ئەوکەسەی پەستە لە عالەمی زۆرزان و ئەدیبە

فەرمووە بە نێو لە نێو بێ ئاگالەدین

کەسێ کە پارەدار بێ ئەو دیندارو نەجیبە

کەری سەم خڕ کە بەزێڕ رازاوەتەوە ملی وی

ئەو عالم و زانایە ، پروفسۆر و حەبیبە

وەک دز وجەردە قوڵان دەکەنە کەمەی رۆژ

ئیسلامەتی ئەمڕۆ مان ، پڕفڕوفێڵ و عەجیبە

بەهاری ١٣٧٤

عیلم و عالم

عیلمی عالم زۆر بە کەڵکە عالەمێ بێدار ئەکا
چونکە نووستوون و لە خەودان ئەو لێیان هاوار ئەکا

عیلم و عالم گەر نەبن ئێمە لە خەورا نابەرین
جاهیلین و مەست و بێئاگا ، هەمیشە سەرسەرین

عالمە پێمان دەڵێ ئەوسافی حەق ، یانی خودا
عیلمی عالم رات دەکێشێ بۆ عیبادەت بۆ خودا

عیلمە ڕێگەی دین و ئایین و خوداناسی بەڵێ
عیلمە دەستووری ئەدەبیات و زمانت پێ دەڵێ

گەر نەبن عالم لە نێومان ، ون دەبێ ئەوعالەمە
عالمێک ڕاست و دروست بێ ، چونکە داری خاتەمە

واریسی پێغەمبەرە ئەو عالمەی دینی هەبێ
دینی نەفرۆشێ بەدنیا بۆئەوەی ژینی هەبێ

نەک وەکو ئەو عالمانەی ڕێی شەرع پێشێل ئەکەن
دەبنەسەرباری خەڵک ئەمڕۆ لەدین خۆلێل ئەکان

چەکی شەرکردن و ئەلیا ، نێزە ووخەنجەرنیە
باری دین پەکجار گرانە مێزەرو مینبەرنیە

عاشقانی زاتی ئەڵڵە عالمانی با وەفا
ئەی ئەمیندارانی حەدیسو نوێنەری پاکی خودا!

دوژمنی جەهل و نەزانی هەستە بۆ دینی موبین !

شامیلی ڕیزی تەواوی، جێگەداری مورسەلین!

دین کەبێ وەستی بەتۆپە عالەمێ وریا بکەی
دژ بەکوفر و جەهالەت شۆڕشێ بەرپابکەی

ڕێکەوە ئەمڕۆ کە ڕۆژی عالەمانە بۆ جیهاد
ڕۆژی خامۆشی بە سەرچوو، بێرە مەیدانی خەبات

دامەنیشە دەستە و ئەژنۆ وەک ئەزان و وەک کەسەڵ
تێ بکۆشە زیرەکانە بێرە مەیدانی عەمەل

کشتی عالەم چاوەڕێتە ببیە گوڵ بۆ ئیشتمان
ببیە دارێکی بە هێزو دەربکەی برژو پەلان

چاوەڕێن بۆ دینی ئیسلام، تێ بکۆشی تا ئەبەد
نەک ببیتە داری دەستی ناکەسان ئینسانی بەد!

عەکلەبت قورئان و شەرعە، تۆعەلەمداری ئەبی!
«پاکی» عومری بۆ فیداکە یا گوناهبار ئەبی

١٣٧٥/١/٣

عیلم و زانیاری بۆ ئینسان

کەی بە مەقسودی کەماڵی خۆی دەگا ئەو میللەتە
عیلم و فەرهەنگ و زمانی ، وا لە لا بێ حورمەتە
هەر وڵاتێک لێی نەچێنن تۆوی زانین و هونەر
ئەو وڵاتە ڕووبە وێرانی دەچێ بێ هەیبەتە

کەی خەلەو خەرمانی خۆشی ئەو گەلەیەیدا دەبێ
جاهیل و گێژو نەزان و تەمبەڵ و بێ کارە بێ
هەردەبێ چاوێ لە خەڵک و ئەجنەبی و بێگانەکات
سەرلێ شێواوی جیهان و سەرسەری ئاوارە بێ

ڕۆژی ڕەش داوێنی دەگرێ ، بۆی دەباری نەگبەتی
کوێر و نابینایە ئاشی ، بێ سەوادی بێ خەتی
هەر گەلێکی بێ سەوادی بێ دواکەو تووە
خوێندنە بۆ خەڵکی موشکیل، ڕێگەیە بۆژیاوەتی

هەر گەلێکی تام و چێژی عیلم و زانینی نەبێ
قەت بە هیوای سەر بەخۆیی و ڕێزو سەروەری نەبێ
زۆر چەپۆکە و نۆکەرە ، یا خۆ غولام و بەندەیە
ئەو گەلەی ئەولادی ژیر و شیرین و گوفتاری نەبێ

زۆر بە داخم بۆ جەوانی عەسری ئەو ڕۆژانەمن
گشتی تەحسیلی عولوم نین، تالیبی عیلمی کەمن
زۆر جەوانی کوردە واری سیکلە یا خۆێنچە مە
یا لەبەر ئیمکانی ماڵی یا خۆهەر کەمتەرخەمن

یا دەڵێن دیپلۆمە بێکارە لە خوێندن شل دەبن
زۆر بەکەمتر لاوە کانمان رو بە دانیشگا دەچن
لەو خەیاڵە پوچ و خاوە ؛ دەست لە خوێندن شل مەکەن
چاو لە چینی ئەمیرەکەن ئێوە لە بەرچی بێ خەمن

جامیعە ئوستادی عیلم و چەند پروفسۆری دەوێ
چەند موهەندیسی بە کەڵک و چەندە دوکتۆری دەوێ
جامیعە بێ عیلم و سەنعەت، لاوەکانا چێتە سەر
جامیعە ئینسانی دڵسۆزو مشور خۆری دەوێ

نێشتمان هەرچاوەڕوانی دەست و قەڵەمی ئێوەیە
چاوەڕوانی خوێندن و خۆشی زەمانی ئێوەیە
پاکی هەمرەهی قەڵەم دایم سڵاوتان لێ دەکات
هەربەهیوای رۆژی روون و نێوونیشانی ئێوەیە

عیلمی قورئان و حەدیس و عیلمی شەرعی مستەفا
واجیبە ئێمە بزانین بۆجیهان و بۆ خودا
لەولەساسی کوللیە بۆ جامیعە و چینی بەشەر
لەو کەسەی رەحدی دەکا جادین و ئیمانی کوا

١٣٧٦/١٠/١٢رەمەزان

نیشتمان

تێنەکۆشم خەبات نەکەم ، بۆ خۆشی نیشتمانەکەم

دەک ڕەببی عومرم فەتابێ گەر نەیەم ئاوانەکەم

ئەگەر داگیرا کەران هاتن لەسەر ئەم خاکە دانیشن

دەک ڕەببی ملم بشکێ ئەگەر شۆڕش بەرپانەکەم

مستێ لە خاکی نیشتمانی نادەم بە خەزێنەی جیهان

دەک بەجارێ بێ نەوابم گەر خۆم گیان فیدانەکەم

منی شاعیر کە سەرخۆشم ، ئەمەستی مەی کەمەستی تۆم

بە یادی تۆوە سەرخۆشم وەتەن باخ و بێستانەکەم

لوتفی تۆیە لەم خاکە دا ڕەقیبی گەل ملی شۆڕە

لوتفی تۆیە بە ئازادی من ئەخوێنم قورئانەکەم

لوتفی تۆ گەر لە دڵبری بەجارێ مات و بێهۆشم

داگیرکەران بینە حاکم چ خۆم چ کوردستانەکەم

ئەو وەختەمات و نەخۆشم لە حەسرەتدا ئەناڵێنم

ئەڵێم با خۆت بۆیە خەت کەم نیشتمان ڕوح و گیانەکەم

بێناموسە ئەو کەسەی خزمەت بە بیگانە بکات

شەرتە تا بژێم لە دنیا هەرخزمەتی خۆمان ئەکەم

وشکە سۆزی ئابەیالی نوێژ دەکات بۆ جەننەتی

وەکوو پاکی ئەزانم من وەک جەننەتە کوێستانەکەم

بەهاری /١٣٥٩

شین بۆ گەلی کورد

کوردە وێردی سەرزمان و زارمە

کوردە دایم خۆشەویستو یارمە

کوردە ئاوارە و پەرێوەی هەندەران

هەرلە بۆ کوردە لەمن هاوارمە

کوردە وابۆتە گەمەی گورگانی ڕۆژ!

کوردە لێ قەوماوە دایم زارمە

کوردە بێ کارو و هەژارو تا سەیە

دوژمنانی ئەم گەلە سەربارمە ؟

کوردە وێرانە کراوە ماڵەکەی

کوردە خەرمانی بێکاری شارمە !

کوردە سەرمایەی هەژار و هێمنە

پیاوی وایی تێدابێ ئیفتیخارمە

کوردە گشت زێڕ و تەلایەخاکەکەی

بێ کەس و بێ لانە یە ، بێ زار مە

شێرمیاوانی وەتەن ئاوارەبون

من بەدایم ما تەمو خەمبارمە

«پاکی» کورد ئاوڵیە ، تا بێ خەم نەبی!

ڕۆژی ڕوناکیش لەمن شەوگارمە

۱۳۸۰/۵/۲۰/مەریوان پێکەرە

وەتەن

هەربە ئاواتم وەتەن ئاوابێ

ئیشتیمان و خاکەکەم لەحیا وەبێ

زۆر لەمێژە خاپورو وێرانەیە

ولم ئیلزە گولشەن و رازاوە بێ

دارو بەرد و شاخ و کێو و جەنگەڵی

سەوزەڵان و موسەە مى ئەم ئاوەبێ

ئێستە وەشاری مەریوان بوتەگوڵ

لازمە چەن کورە خانەی لێوەبێ

خاکەکەی گشتی تەڵایە ، نوقرەیە

کورەخانە و کارگری تێدا وەبێ

زری بارە ، مەلبەعی چۆم و چەمەن

هەتاکەی ئەم گەوهەرە شاراوەبێ

(پاکی) زیرە بۆوە تەن شانازییە

گەرد زێوو ناحەزی لێ پاوەبێ

بەداخەو مەودای ئاوەدان بونەوە

واهم و دەستکاهی بەرهەم هینەی

لەم کوردستانە زۆر کەم دەبینین

هیوا دارین رۆژی بێ ئەو خەونەلەش بێتە دی

١٣٨٠/٦/٢٥/مەریوان بیکەرە

دنیا وەك دەستی خەراپ وایە

دڵ مەبەستە بەم جیهانە چونکە دەردو مەرهەمە

بلعیسی تاڵی ژیان و ماتەم و باری خەمە

یاریٚ بگرە چاوەکەم یاری جاڵی بیٚ لەبیرت

نەک بەیاریٚ دڵ ببەستی عەقڵو ویژدانی کەمە

دڵ بە دنیا وە ببەستی تۆ دەخاتە نێوخەتا

هەروەکو ئینسانی دوورو گرژو تاریک و تەمە

دەستی عاشق بگرە چونکە ئاولەچاوی جارییە

عاشقی لەخ شنهانە ژینی دەردو ماڵە مە

شیعرە کەت پەرژین بکێشی ، سیمی خاردار بکەی

زەحمەتە سالم بمێنێ زۆر خەراپە ئەم دەمە

شاری کورد/۱۳۷۷/۷/۲۹

پەڵەی نەنگ

من ئاڵانم هەیە کاکە ئەتۆ هاتووی لە کەڵوێ و بڕوە
چ فەرقێکی هەیە کەڵوێ لە گەڵ ئاڵانەکەی ئێوە؟
ئەولای باکوور و باشوور ، هەموو کوردن ، هەموو مەردن
چیەڵەم وانەیە بلوە لەئێمە، لەنێو ئێوە
چیۆنە واسیتە بۆمن ئەبێ دووریم لەسەرجانی
گەلێ جورمە گەلێ شومە و یا بو خەتانی سەرلێوە
ئەساوە رە ولەلی جاران ، وەلسەمی ساردی وەدی دێنێ
وەکو لافاوی زاکاوە چ غە و غایەکی بێ نێوە
هەتا سەر وابەحەدناوی بەڵام ناسی چ ئینسافە
خوداش پێی خۆش نیە بە خودا دزێوی ئەکەیتی پێوە
ئەگەر چی لۆلەلات وایە ئەمن وەک بێ وەتەنەدەرچووم
بەڵام نابێ وەتانیم من ، برای ئێوەم لە هەرجێوە
وولەی عاشیرەتێن ئێمە بە بڕوای من گەلێ نەنگە
لەسەر جێیێ یەک کەکوردێکی لەبینی ڕێزی خۆی پێوە
چ کوردی تورکیە بێت و چ کوردی سوریە و ئیراق
ئەمن ڕێزم هەیە بۆیان هەتاکو ئەسپەمێزەیێ وە
چ جورمێکی هەیە {پاکی} کە واسەحکومی زیندانە
لەبەر ئەو دوو دۆزەخانە لەبەڵ ئەو تاکە بێ خێوە
کە من شۆڕیمە وە نەنگی لەسەر تەحدیدێ بێ باکم
لە سەر کوردایەتی سوورم هەتا ماوم بە سەر پێوە
مەگەر کوردانی ئەتۆ ئالوا لە سەر چیایەتی سوری
ئەولوی کورد وەک برالە هەتا کو، گوندە کەرلیوە

۲۲/۵/۱۳۷۷/شاری کورد

دایکی دڵسۆز و قوتابیی هوشیار

دێتە گوێم دەنگێ بە نەغمە و پێکەنین
نایەوێ بۆ ڕۆژەی قەت ماتەمین

وەی نیازە ئەوبەسەربەرزی بژی
نەک وەکو وەحشی لە ناو کێو کەژی

یانی دەست واتە قەڵەم پیاوانە بێ
ڕۆژەیی هەرزەوڵەزان ، حاشانەبێ

دایکەکێمان دەڵێ ئەو غایەکەن
ئەو نەزانینە دەبێ ڕیسوایکەن

دایکانی وابەبیرو باوەڕن
واسیتەی ڕۆژی ڕوناکی گەوهەرن

لێی بپرسە پێی بڵێ شیرین زمان
چی ئەڵێ ئەمڕۆکەبارەی لاوەکان

پێی ئەڵێ لاوی بەرێزم ڕۆڵەکەم
تۆببە هەڵوڕێی کێبان و قەڵەم

دلرنەبەندی نەزانی بێرە جۆش
بێرە مەیدانێ بە فکرو بیرو هۆش

ولرطیقانت ئەوا چونە سەما
هەستە سەربێ نەزانی باوی نەما

«جواب لەلایەن قوتابی هوشیار»

دایەگیان قەول و بەڵێنیت پێئەدەم
من جودانابم لە نوسێن و قەڵەم

شەرتە تا ماوم لەبیرت قەت نەکەم
هەر لەتۆی ڕوح و هەناوو چاوەکەم

چاوەکانم بێتۆ دەردو ژان ئەکەن
ئارەزوی ئاوی ڕوباری پان ئەکەن

بێ خەویت زۆر چێشتوە بۆمن شەوان
لێم ببورە ، لێم ببورە ، دایەگیان

ئێستە واپێم گرتووە دایە لەڕێ
دەفتەروساک و کتێبانم دەرێ!!

ڕۆڵەکەت ئامادەیە بۆمەدرەسە
کوردەمو کوردیش تەواو بێ کەسە

شوانە وێڵن ڕۆڵەکانی ئەم گەلە
شوانی گاگەل ، یا شوانی مێگەلە

«پاکی» خەڵکی چاوە ڕێتن بۆ وەتەن
ببیە ڕوناکی چرا ، بۆ عیلم و فەن

زستانی /۱۳۷٤

بەرزە فڕ

بەرزەفڕشێری وەتەن ئەی تۆڵەسای ئیشتمان
خۆت بناسێنە بە گەل جێگەی ئومێدی لاوەکان
ئیشتمان چاوی لەتۆیە دەست دەنوسن و قەلەم
پێرەسەیدانێ وەکو شێر بانچینە نێوگەلان
بەرزە فڕ پێی وەکە ئاڵام گەلەبیچارەیە
فکر و هۆشت بێنە کاردەست و قەڵەم با خۆزمان
پێی بڵێ لاوی بەرێزم ئەی دلێران وڵات
بابکوژن ، بابجۆشن ئاوەکو ئاخێرزەمان
دوژمنانی ئەم گەلەزۆرزە زیان دایمی
گەهەموومان تێنەکۆشین ناپینەهاوتای گەلان
هەربە دیندارێ بەدڵێ پاکی بەکوردانە بژی
زێرچەپۆکە دامەنیشە وەک غولام و نوکەران
ئاوەکو ئێمە نەزانین ، چین و بۆکوێوە دەچین
خوێنمان خۆێن ومان دەخۆن و چاوەڕێمانە لەمان
بەرزەفەرمن کوردەمو کەوتومە نێو داوی قەفەس
«پاکی » بێ گەردو غوبارم زێر چە پڕاکی خائینان
دایکی خاکی وەتەن چاوی لەدەستی ئێمەیە
با قەڵەم بێنینە کار و دەست لەناو دەست گشتمان
چاوەکەم مەعنای ژیان هەروڵ و پارەس نیە
ئەی چیە خۆشی گەلەسەربەرزیە «پاکی» دڵان
سوێند دەخۆم هیوا بە جاری خاکەکەت گەشت ئوقرەیە
ئاوەدانی کەیتەوە گەشتی دەمێنە سەوزەڵان

١٣٧٩/١٠/٢٠

گلەیی شاعیر لەزەمانە

بەهاران مەڵەغان گێرو هاوینان دروێنەوانم
لەپاییزا بیرهەڵگەن و لە زستانا بانە وانم

نەشاریم و نەلادێی وەکو ئاوارە عەودالم
لەگەڵ ئەو حاڵە تاڵەش راقەرز دار دێتەسەر بانم

ژیانو رەسمی گرانی ، موسوڵمانان دەها ژێنێ
لەدەس ئەم چەرخە بێزارم هەمیشە دل پەرێشانم

گەلێکی غەرقی سامان و گەلێکی وابە قوڕداچو
لەومەندە تێ دەکۆشم بۆی نەدینم سانەلیمانم

زەمانە وابە فێڵو و فوت بە جارێ تێکی پێچاوم
هەتاکەی زوڵمو و بێدادی بە خۆمویا رەفێقانم

دەئێومش هەروەکو پاکی رەفیقان داد و بێدادکەن
لەدەست ئەم چەرخە بێڕەحمە وەکو شێتی بیابانم

ساڵی/ ١٣٦٨

«وەڵام دانەوەی نیما ، ساحەبی پلنگی نامە »

ئەی کاک نیمای بەرێزم
ئەدیبی گەلو و هێژام

وتوتەپانکی نامە
نەولرە کەی لە ئامە

هەرخۆشبێ دەست و دەست
خۆش بێ دەست و قەڵەمت

ئەی شاعیری گەلی کورد
لەی موعەللیمی بیر ورد

سپاس لە بیری قولت
لە ویژدانی مالولت

یاخودا بژی و بمێنی
دوژمنان بتەزێنی

قەزا وەتێکە بەدەم
خەباتت کرد بە قەڵەم

بێگەنک ئازایە تیە
هەستی کوردایەتیە

رەخنە لە بێ ئەدەبان
واجیبە بۆ موسڵمان

کەسێ رەسمی بلەیری
ئەرک کا مەلێ ژیری

لە جیاتی جامە دانە
سەردانێنێ بە شانە

کوانێ جامە دانەکەت
راتکو چۆغە جوانەکەت

۶۴/(پی ا و) ك (ن ی)

پارێزگای فارس

ئەواوی مەنتەقەی پاک سەوزەزارە
نرەختی نەخشە یا نتری شەتارە

بڵێ بولبول بڕۆ لێرۆ باخی جەهرۆم
لە زستانا وەکو فەسڵی بەهارە

گوڵاڵە و نێرگزە پاک دەشت و سارای
هەمو باغاتە گشتی لالە زارە

ئەوێیە مەنبەعی لیمۆ و نارنج
چلەی زستانی خۆشە فەسڵی کارە

هەتا بورجی یەکی لەو ساڵە کەمتر
بەسەر دارێوە لیمۆ هەر دیارە

گزەی سەرمانیە تا گوڵ بترسی
لە زستانا دەڵێی داری چنارە

لیە لۆخانی بلو بەفرو گرپۆلە
ئەواوی گەرمەسێری خونچولاوە

زمانی تورکی و تاجیکی لێژن
«پاکی» وێ رەحمەتی پەروەردگارە

جەهرۆم/١٣٧٦/١٢/٢١

ڕاپەڕینی گەلانی ئێران

دێتە گوێم دەنگێ بەنەغمە و پێکەنین
نیشتمانەبێنم دەڵێ گەرم و بەتین

هاتەوە ڕۆژی بەقا ، ڕۆژی وەفا
بیست ودوی بەهمەن و سەیر و سەفا

هاتەوە ڕۆژی شکۆهی ئاشقان
هاتەوە ڕۆژی چراخانی شەوان

چو بەبا ڕۆژی نەدامەت بۆگەلان
بوو بە گەمجاری هەمو خەڵکی جیهان

شاهیان زیندی وڵات و میللەتن
شاهیان ڕۆژی نەهات و زیللەتن

بوو فەنا ساواکی شاه وەک بوقەلا
هاتەوە ئێرمانەوە حوبی خودا

نیشتمان پێمان دەڵێ غەوغا بکەن
ئەو نەزانیە دەبێ ڕسوا بکەن

هاو زمانان ، هاودیلان، هاوشاریان
پێکەوە جەژنێ بگێڕن بۆ ژیان

کورد و فارس ، با هەمومان وەک برا
هەم بلوچ، تورک و عەرەب وێنەی چرا

هاوشین و هاوژیان بن پێکەوە
با دەرووی ڕوناکیمان بکرێتەوە

ئەو قیامەی وله ئێران داگرا
گشتمان بوین ڕاپەڕین هەروەک برا

بۆیە وا دوژمن بەجارێ ڕۆیە دەر
بابڕۆن دوژمنی گەل بۆسەقەر

وەکو «پاکی» وابە شیعر پێی دەڵێ
ئەی شاهی خائین لەوبەرو بەغدا هەڵێ

۱۳۷۹/۱۱/۲

استان فارس

تمام منطقه‌اش سبزه‌زار است
درخت نخل است یا انار است

بگو بلبل برو تو باغ جهرم
در زمستان مثل فصل بهار است

گل و لاله و نرگس است دشت و صحرا
تمام باغهایش لاله‌زار است

آنجاست منبع لیمو و نارنج
نصف زمستان فصل کار است

تا اول ماه سال آتی
بالای درخت لیمو آشکار است

خبری از سرما نیست تا گُل بترسد
در زمستان مثل درخت چنار است

نیست طوفان باد و برق و کولاک
گرمسیر آنجا خونج ولار است

زبان ترکی و تاجیکی دارند
در آنجا رحمت پروردگار است

معلم

معلم ای چراغ روشنایی
معلم از توست مهر و وفایی

معلم صددرود بر قلب پاکت
معلم هم تویی نور خدایی

جهل کم شده است از دیدن تو
برای بیسوادان راهنمایی

ندیدم مثل تو خدمت به مردم
قسم به روح پاکت بی‌ریایی

که من پاکی همیشه وصف تو را
می‌نویسم ندارم هیچ جدایی

۱۳۷۲ / ۱

بچه ایرانم

من بچه ایرانم ، فرزند کردستانم
از کردستان آمدم ، آوارهام ، مهمانم

من بچه سردشتم ، به خشکرود آمدهام
من در باغ و لیخان ، مدتی نگهبانم

ایران هر جا که باشد خوب است اما غریبم
از دوری شهر خود ، از دوری فامیلانم

دشمنم آی گرامی ، با تو دوستی ندارم
نه همراه تو هستم ، نه با تو مهربانم

جاهلیت آشکار است ، در شهر و در خیابان
نمی‌خواهم من تو را ، به نور دیدگانم

«پاکی» شعری نوشتی ، تا بماند یادگار
به یادگار بماند پیش برادرانم

خارج شدم از آنجا به کردستان آمدم
تا قیامت می‌گویم من دوست عباس جانم

۱۳۷۲

پەخشانی «تاریکەشەو»

«بەشی یەکەم»

تاریکەشەوبو ، لەنگوستەچاو . کەس ئاگای لە کەس نەبو تاریکایی شارو دێ و شاخ و داخ و کەژو کێوی نیشتمانی داگرتبو . شارو بازار، قەسرو تەلار داخرابو، لەشەرە ئیبالی تێدا بو، لەشەرەفیانی دەربار، خوێن مژانی زۆردار. ئێران ببوە زیندانی بێ‌کەسان داخرابو لە هەزاران . هەزاران شێرەپیاوی هەستیارو بێ‌ئاکامی هێشتەوە و لە گۆڕی نان . بێ‌کاری و بێ‌نانی ، زوڵم و فەحشا بە ئاشکرا فەسادی دەکرا. سەرمەزی بێ حەرمەتانی بێ‌سەوادی و نەزانی ، خارجی ببونە ئێرانی ، کەسێ مەحکوم با، بەئاتونی، لەجنەبی حوکم‌دەدرا.

دەگوترا جاروبار ، بەحەسرەت و هاوار، بۆ ئیمداد گەر بۆ بە خەم خوار، دەیان گوت لە کوێ وە دێ کە جەرگی سوتاوە. کاوەی ئاسنگەر لەبە پەژارەو کەسەر کاوەی قارەمان، شێعری ئاوەیدان و بەرهەڵێنەکەی بکاتە بەرچەم بوکەلانی ئێران.

بانگمان بکات بۆیەکێتی و برایەتی، ئارچەی ئازادی و ئازایەتیمان بۆ بشکێنێ ، موژدە بدات و خەڵک راپەڕێنێ. لەو تاریکە شەوە ، لەهەریک وەکوبۆخار و جدە دوکەڵ کەرق وقینی هەزاران بوێەکی گرتوو کۆبۆوە ، فشاری بوهات و وەک ئاهاڵەیکی گەورە بەسەرئێران دائەقیەوە و زەندە قی‌تاریکەشەوی راشکاند. روناکی پیدابو، روناکی پەیدابو.

بەشی دوهەم . تاریکەشەو

من جوتیارم ، من جوتیارم ، لە تاریکی شەو و بێزارم . تاریکەشەو من دەللسێ، دەزانم کێ داگیرکەرە. درۆزنیکە پێم دەڵێ: توژاڵمی داگیر کەری ، نا ، ئائەمن دا گیرکەنیم تۆدەڵێی کێم. کەمخەڵکی دێم، داگیرکەرم، خوێن مژم پلازور دارم؟ ئابا، کوردم . کوردم، جوتیارم یا کرێکارم سەلەمەی سالێ دێنو دەرۆن ، داگیرکەران خوێنم دەخۆن چینی داگیرکەرو زاڵم ، چینی زۆردار، سەرمایەدار.

من ئەو کەسەم، کەس نامبینێ، کەس نام ناسێ ، ناوم نیە، لە هیچ شوێنێ ، لە
هیچ باسێ لەبەر ئەوەی

«چونکە کوردم»

«چونکە کوردم»

ئاکەسان بۆم تێ دەکۆشن ، وەکو بەردێ بەفرۆشن لەشێراندا ، لەدێهات
شارەکاندا ، لە کوردوستان ، دێتە گوێم دەنگی ناڵە، دەنگی گریان ، دەنگ
هەتیو دەنگی جوتیار . دەنگی کرێکار دەنگی هەژار ، منیش کوردم هەژارێکم
دایم ڕەنجباری من غەمە . من ئەوکەسەم ، بێزارە و کەسەرمژینم، خوێناوی خۆ
دەخۆمەوە ، کەس نامپرسێ کەس نامبینێ ، کەس نامناسێ.

چەرخی جیهان تێ دەپەڕێ ، بەرەنجی شانم دەگەڕێ. قەسر و قوسور. کۆشک
تەلار ، لەدێ لەشار ، بەزەحمەتی من دێنەکار. دانیشتوی کۆشکان ، قەڵابان ،
هەندەران لەوڵاتان . خۆشەژینیان ، شایی و بەزمو هەڵپەڕینیان ، بەرەنجی شان
من نەبێ ، هەموی سەرەونەخون دەبێ، من جوتیارم بێ ئازارم ، من جوتیارم
دەرەجێکم لەم خاکە ڕیشەم ڕوواوە، خوێنو گۆشتم لەم خاکەیە، دینم ژینم لە
خاکەیە.

هاوڕێ لە گەڵ بای زریانم ، پەرپوەی گشت وڵاتانم من جوتیارم کوڕی کوردم
ئەوەی کاوەم ئەوەی زەندەم ڕیشەم لەم خاکە ڕواوە ، لە گەڵ خوێنم تێ کەڵاو
سڵەمایە دێن و دەڕۆن ، داگیرکەران خوێنم دەخۆن درەختێکن لەهاوینا، پەڵ
بۆم هەڵ پەڕوکاوە، درەختێکم لە هاوینا ، لەبەر خۆر و لەبەر تینا پەڵ و پۆ
هەڵپەڕوکاوە دەوروبەرم دیوارێکە ، ڕێگەی پشووەیلم لێ دەگرێ نایەڵێ من چر
دەرکەم ، پەڵ باوێژم گەشی سەرکەم ، بەهاران جا گوڵ دەپشکوون ، دار شین
دەبن ، دنیا دەبێتە بوکی سور، ڕۆژ گەڕدەگەڕدێ سەمبور دەبیا ، گوڵوکی ئاسک
سلوا داستانەکەم بخوێنەوە

«داستانی تاریکەشەوە»

ڕووناکیش بێت لەلەم ئاوە، بڕمن شەوە کوردم ناوە
بڕۆ بگەڕێ شارەو شار لە کۆچە و بازاڕو کۆسار
لەئێرانا لە تەواوی شارەکانا لەگاوداری و کورخانە
لە هەندەران ، لەهەرجێیە کاریگەری کوردی لێیە
بەتایبەتی لە کورەکان لە قەزوێن و تاکستان.
لە چالی و لە ئەزرە ئاباد، لە تەنکەسەن و کازماباد
لەمەشەت گرد و جەمالەددین . لە لوشکان وقەسری شیرین
لە بۆیین زارا و لە مەلارد لە کەرج . خورەم ئاباد
لە زرەندو و رووباط کەریم لە عەلیشاباژی قەدیم
لە تاران و لە قەرچەکێ لە محمود ئابادی ئەوێ
حەسەن ئابادی ئارانێ لە لای سنە و کرماشانێ
لە مەلایر و ئیسفەهان لە چوار مەحاڵ و هەمەدان
خولاصە گشت کورەکانە کوردی لێیە و ئاوەدانە
گشتی لەوان کرێ کارن دەربەدەرن دورەشارن
بابێ کارن دەخولێنەوە بەو دەردەوە دەتلێنەوە
داستانێکی سامناکە تاریکەشەوە بێ باکە .

داستانی هەزاران کوردی بێکار و بێکار و بێ خانە و لانەیە داستانی شەوەزەنگی ئەنگوشتەچاو ، کەس ئاگای لە کەس نیە
بۆخۆی لەبێ کەس نازانی دەردی چیە
سالەهای ساڵە سوتمانە ، دەسوتێ هەر دووکەڵی دێ
بەڵام کوا دڵ سوزێ بێ تو بڵێ هەتاکەی ئەم قوربێوانە ، هەتا کەی ئەم دەردوزانە،
خەڵکی هەموی گەیشتن خەڵکی هەمو لێکەیشتن
کەچی ئێمە زۆر وبورین ، یەک ناگرین هەر خۆخۆرین
سالەهای ساڵە لێ ناکەین هەتا وابین قەت پێ ناکەین

١٣٧٩/١٢/٦/بناویلەی کوردان

کوڵکە زێڕینەی پاش باران

من کە پێتو شیعرەکانم دانەدانە کۆ وەکەم
کەشکۆڵ و دیوانەکەم زۆر زۆر بەتانوپواڵەکەم

گەرچی بیداری و هونەر ئەمڕۆ کەبازاڕی نیە
فورسەتە بیرێ لە ژین و بێ ئەوایی خۆوەکەم

میللە تێکی زۆر ئەسیل و پاک و بێ گەرد و غەمگین
هەر لە منداڵیە وەجێ کوردەمەدحی تولەکەم

سەر لەبەر ئاوارەبووم ، ڕۆژی ئەملی عومرەکەم
هەر دەبێ کاریگەری کەم یا پەتاتە کۆ وەکەم

زۆر ئەمێژە چاوەڕوانی ڕۆژی ڕووناکی گەلم
«پاکی» بێناو و نیشانم خۆلێدای کوردان لەکەم

داراتی ئیسفەهان ١٣٧٧

«موناجات»

چیبکەم دایم سەرا پا شین و واوەیلانەکەم
غەرقی گێژاوی گوناهم چیبکەم گەر والەکەم

عەبدی بەدناوم خودایە ڕوسیاهی مستەفام
لەشکی چاوم چۆن نەڕێژم ڕولەلای والانەکەم

من کە جورمم زۆرە ئیستاموستەحەقی ئاورم
بێپەناهم گەرلەزاتی مستەفا دلوانەکەم

ڕەحمەتە بۆ عالەمین ئەوشافیعی ڕۆژی جەزا
یا« محمد» پێیەخەریام ساحەبی قورئانەکەم

لوممەتی خۆتم قەبوڵم سەد دەخیل و سەدئەمان
نیمە چارە بۆ نەجاتم غەیری ئاباوانەکەم

کەس نەهات لە ئاپی تۆئاهومێد بڕواتە دەر
دور پەرێزی تۆم ئەمن ، بۆیە پیران ئەکەم

چیدەبێ گەر ئالە جارێ ڕوحمی خێرم پێبکەی
تینوی دیداری تۆم و زکری یارەرحمان ئەکەم

زۆر برینداو و نەخۆش و موستەمەند و بێخەوام
ڕوم لەتۆیە یا « محمّد » ئیدیەای دەرمان ئەکەم

ئەی سەراپا «پاکی» عومرت ، ڕۆی هێشتاغافڵی
ئینتیزاری هەوری لوتفی شەعشەعەی ئیمان ئەکەم

کوێرە وەری مەریوان

هاتمەوە بۆکورە خانە چونکە پیشەو کارمە
پێمەرمەلوێنمەدایم خەم رەوێنی یارمە

سورمەیدان و حەسارچاوەڕێن بۆمن وەها
من کەمەوشادیم لەوێنە رەونەقی بازارمە

ریزی قالبدار وەهایێ خشت لەمەیدانی چەلت
تۆز و خۆڵی سورمەکەشیرینە شەکری زارمە

بادەنۆشینە لەبۆمن ، ئاوی ساردی بن قەنەر
شەربەتە، ئاوی حەیاتە مایەیی بێدارمە

سەدشوکوئالەم وەڵاتە بۆتەکانگای خشت برین
زۆر لە مێژە کوردەواری چاوەڕێی گوفتارمە

موژدە بێ لەم نیشتمانە ئیفتخاری پێدەکا
ئالێسێ شاری مەریوان باخەکەی دڵدارمە

خزمەتێکە بۆو گەلە بێچارەیە کارخانەیەک
تاریفی بیگانە ناکەم کوردە واخەم خوارمە

بێلە کەم نوکی پسایێ سورمەکەم رەق بێتەوە
بێ خەمم چونکە دەزانم دەم بە دەم هاوکارمە

هەرکەسێ بۆخۆیەتی من بۆیە دەردم کاریە
رەونەقی بازاری ئیستا، کاریکە شەوکارمە

کوردەوشاعیری ڕوتم، هەرلە شیعرا گەورە بووم
چەوت و لارێی ئەم زەمانە دایمی دوچارمە

بالە مێنێ دوژمنی گەل ڕوسیایێ ڕەنجە رۆ
«پاکی» یە کوردێکی بێدار، خۆشە ویست و یارمە

هاوینی ۱۳۷۹/

ئاخ وەتەن

ئاخ وەتەن حاڵێ حەیاتم توشی دەرد و مەینەتە
ئاخ وەتەن ، باری گرانم دەردی دوری میللەتە

تیری دوری نیشتمانم وله جەرگم کاریە
زۆرلە مێژە کوردە واری دابڕاوو و لەت لەتە

بوینە گەمجاڕی گەلانو نۆکەری بیگانەکان
کورد ئەوانی خۆیەتی واسەر کز و بێ حورمەتە

کشتی ئاوارەی وڵاتانن لە ئێران و ئێراق
ڕاوی کورد بۆ کوردە لەسەرڕا زۆر دزێو و نەگبەتە

جاهیلین بۆیە هەموومان دژ بە خۆمانین هەمو
خۆبە خۆ یەکتر دەکوژین بۆ مەقام و قودرەتە

گوایە بۆ کوردان ئەجەنگین ماڵی کورد یەک لالەکەین
وانیە هەر کورد فرۆشین ، ئاخیری بۆ سیاسەتە

بۆژیانی ڕۆژمان یەکتری دەکڕین بە داو
کوردە بۆ کە دوژمنی کورد جاڵجۆکەی غیرەتە

«پاکیا» یا بۆ چارە نوسی کوردەکان چی دی مەڵێ
کێ بەهوەڕازی لەمێ کە زاڵی خۆی بێ قیمەتە

١٣٧٦/٩/٢ أ

شین بۆ شەهیدی وەتەن

رابەرێکی پایە بەرز و چاوی کوردانی ئەتۆ
شەو چرای روناکی هۆز و ڕێی شەهیدانی ئەتۆ

گەرچی دوژمن وادەزانێ وەک چرا شۆڵی برا
وانەزانێ دوژمنی خوێڕی ، لە مەیدانی ئەتۆ

بەڵکو روناکتر لە جاران عالەمت داگرتووە
هەروەکو مانگ و ستارەی ناخی ئاسمانی ئەتۆ

تۆ سەروماڵت ڕاپەڕاند، بۆ مافی ڕزگاری وڵات
چەقڵی بەرچاوی نەیاران و دزێوانی ئەتۆ

نامرێ یادی پیرۆزت ، بەردەوامە تائەبەد
والە لێوناخی دڵ و مێشکی هەموانی ئەتۆ

ناوی بەرزت تاهەمیشە شۆڕشێ بەرپادەکا
دوژمنی شین و هەنیسک و ماتەم و ژانی ئەتۆ

نایە وێ شیوەن لە سەر گۆڕی شەهیدی باوەفا
چون شەهیدی نیشتمان و مانگی قوربانی ئەتۆ

خوێنی سووری بێ غەشی ئۆماڵی کورد ئیمزا دەکا
بۆگەل و بۆنیشتمانم مەرهەمی ژانی ئەتۆ

ڕێی خەباتت بەردەوامە ڕۆڵەکانت دەیبڕن
کاکە دوکتۆر قارەمانی نێوشەهیدانی ئەتۆ

قارەمانێکی لەدەس چو میللەتی کوردی هەژار
دوژمنی سەرسەختی جاش و زوڵە کوردانی ئەتۆ

دوژمنی تۆ بێ گومان بەتاڵەبەند ڕیسوادەبێ
مل کەچ و سەر شۆڕو ماتن گشت ڕەقیبانی ئەتۆ

میللەتی کورد سەرفەرازە عاقیبەت ڕزگارەبێ
دەیبڕن ڕێگای پیرۆزی پڕلە سلمانی ئەتۆ

ڕۆحی خۆت ناوە پێناوی قەومی کوردو ملەکەی
دەک هەزار جار روحی «پاکی» بێ بە قوربانی ئەتۆ

گژەبای ڕەش

گژەبایێ ، لە پرتاو
هێرش دێنێ
تاریکایی و تەم و غوبارە
سیمای ئاسمان ئەشێوێنێ
گژەبای ڕەش! گژەبای ڕەش!
هاتنی بێ وادە و بەشەڵووت
پەل و پۆپی دارە بەڕوە کان ئەشکێنێ و
گوڵی ساوا ئەژاکێنێ
باخچەی ئاواتم سیس ئەکات و
ئەزمو یاسا ئەڕوخێنێ .

گژەبای ڕەش !
دیسان ئەوەشاڵا و دێتێو
دزێوانە خۆ دەنوێنێ
چرپ و چاڵی چۆم و ڕوبارو تۆزو خۆڵی دەشت و سارا
بەسەرمانا دەبارێنێ
دیسان بەری چاومان ئەگری و
تۆوی ئاکوکی ئەچێنێ
دیسان ئەوە، دوورمان ئەخاتەوە لەبەهار
لە دیمەنی سەوزی کوسار
لە بەهەشتی لای ئاڵە زار

گژەبای ڕەش!
دیسان ئەوە
بەهاشەهاش و لۆشە لۆش .
دەبیە گەردەلول و
کاکی وەرزێر ، ئەترسێنی ،

ڕوحم ئاگەی بە بێ نەوا ، بە هەزار
بە منداڵی ڕەش و ڕووتی بێکوڵانی
دێهات و شار.
لێت بێزارم ، لێت بێزارم
بەمەرگی خۆم لە دەستی تۆ بە ئازارم
گژەبای ڕەش!
تەم و مژی تاریکاییت ،
نیشتمانی پڕ کردوە،
زوڵم و زۆر و بێ دادی تۆ
هەناسەی بێ نەوایانی تاساندووە.
تۆزو خۆڵی خاکی بەرەوێت
ئاسمانی داگرتووە.

ئەم بارانە ، ئەم باران.
بارانی ڕەش دەبارێنی
لەجیاتی گوڵ درک ئەچێنی و
لە ژێر پێی بێنەوا برسی
ئەیخەوێنی

گژەبای ڕەش!
ڕۆژێ دادێ، ڕۆژێ دادێ
شنە بایەک هەڵکاتو

بەرەنگارت ببێتەوە
بتـزەکێنی ، خاپورت کـا ،
تاکو تۆ بی و جارێکی‌تر
نەبەیتەوە

ڕۆژێ دادێ شنەبایەک
هەوری ڕەش و تاریکیەت بتارێنێ
بەسەر ئەرزا بارانی ڕوون ببارێنێ
بۆچەمەزاران
خۆشی لە دوا خۆشی بێنێ.

ڕۆژێ دادێ
شنەبایەک
بەداری جوان.
بە شنۆڕەیی
بەگوڵاڵەی دەشتەوبەهار
بەڕەز، بەباخ و بەچنار
نیشتمان پاک وەڕازێنێ

لەدوائەوەش
نیشتمانم بەسەوزایی
کوردستانم بە ئاوازی بولبولانی ئاشنایی و
وڵاتەکەم بە یەکێتی لاوەکانی ناو ئاوایی
ئازاد دەبێ .
ئازاد دەبێ
لە بێگانە ڕزگار دەبێ .

٥/٥/١٣٨٠/ مەریوان

موعەللیم بوو

موعەللیم بو پێش ڕەوتی سەواد و زانیاری
موعەللیم بوو بە چرای بەختیاری

موعەللیمە سوودی زۆری هەیە بۆگەل
موعەللیم بوو زامی خوێن خۆری کوردەگەل و پەل

موعەللیم بو وەکو شێر هاتەمەیدان
موعەللیم بوو لە خەو خەڵکی هەڵسان

هەڵی ساندن لە تاڵی بێ سەوادی
خستیە نێو عالەمێ ، خۆش بوون و شادی

وەرن شادی بکەن خوشکان ، برایان
کەجێگای عیلم و زانینە ، وڵاتمان

هەتا ماوم بە پاکی هەر دەخوێنم
دەکەم مەدحی موعەللیم تا دەمێنم

«پاکیا» پاتۆش موعەللیمت خۆش ئەوێ
لە تاریفی موعەللیم ئەت مەسرەوێ

١٣٥٩/٧/٣/ پناویلەی کوردان

ئامۆژگاری موعەللیم بۆ منداڵان

منداڵە نەشمیلە کان ! رەنگینە وردیلەکان!
گوڵی باخچەی ژیانن زۆر چاک و میهرەبانن

دەستە گوڵی وەنەوشە دنیا بە ئێوە خۆشە
لەشار و لە ئاوایی دنیا و پڕکرد لە شایی

بە موعەللیم و دۆکتۆر موهەندیس و پرۆفسۆر
هەمو بەئێوەهاتن ئێوە ڕۆڵەی خەباتن

«پاکی» بەدڵێکی خۆش ئێوەناکا فەرامۆش

١٣٥٩/١٠/١٠

قوتابی گەلی کورد

ئێمە منداڵی گەلی کوردین
زۆر ئاقڵ و ژیرو وردین

زۆر چالاکین، زۆر سەربەرزین
ماندو نابین قەت نابەزین

وەک شەماڵی بەربەیانین
دەرسەکانمان باش دەزانین

پڕبە دڵمان هاوار ئەکەین
سڵاو لە مامۆستا ئەکەین

بۆئێمە زۆر تێکۆشاوە
مامۆستا گلێنەی چاوە

گوێ بە ئامۆژگاری ئەوین
لە تێکۆشان قەت ناسرەوین

هەتا ماوین هەر دەخوێنین
نیشتمانمان دەرمەکێنین

خوێندن ڕێگای سەرکەوتنە
نەخوێندەواری مردنە

«پاکی» دەڵێ دامەمێنن
هەتا ماون هەربخوێنن

خوێندن ڕێگای سەرکوتنە
نەخوێندەواری مردنە

١٣٥٩/١٠/١٥ بناویلەی کوردان |

وەتەن

بولبولی خۆش خوانتم ، خانە وێرانم وەتەن
عاشقی باخانتم دور لە یارانم وەتەن

من لە ڕیزی لاوەکانی کوردەواریدا خەمین
هەربەیادی لاوەکانی تۆ سەنا خوانم وەتەن

لاوەکانی نیشتمانم بوونە دیل و ڕەنجەڕۆ
بولبولی ملت و پەشێوم وێڵی زیندانم وەتەن

شەر فرۆشان بون بە هاری نیشتمانیان کرد خەزان
من لە مێژە پیری کاڵەی شەر فرۆشانم وەتەن

ئەی وەتەن تاکەی بە دیلی من بەسەربەرزی ئەژیم
زور لە مێژە زێر چەپۆکەی دوژمن و ژانم وەتەن

شادمانم چونکە خاکی نیشتمانم شین دەبێ
دێنە بەرچاوم دەپشکون گوڵ بەهارانم وەتەن

«پاکی » گەنجولاوەکانی نیشتمان شلی دەکەن
عاشقی لالەزاری پڕ لە سامانم وەتەن

۱۳۵۸/۱۱/۳۰/بنەوێلەی کورداز

بەخت و بێ بەختی

بخت و اقبال بە کاردانی نیست

بەختت کە نەبو کاریش بزانی
خودا نەت دلێ زۆر ناتەوانی

بەڵام کەبیدا خودای کردگار
بوکۆڕێک لەخانەمو کاروبار

باران ببارێ نشت دەگەرێ
باران نەباری جوتت دەگەرێ

گەربەختت نەبو لەسەر ڕوی دنیا
دنیا دۆزەخەبۆتۆبەتەنیا

ڕو لە هەر کەس کا، بەخت قەڵایە
بێگانە و دوژمن بۆوی برایە

سەد برای دایبی وبابیت کە هەبێ
لێت دەبنە دوژمن کەبەختت نەبێ

بەخت هەربۆنە بوونی دنیایە
کەبوونت هەبو بەخت قەڵایە

دەسکەگوڵێ بی وەکو وەنەوشە
ئیتر زۆر گوتن هەرلورلان خۆشە

«پاکیا» با وەرە بەسسە دالیشە
بۆبەخت و ئیقبال ڕەنجێ مەکێشە

۱۳۵٤/۱۰/۱۲ بنلویلەی کوردان

تاریخی بناوێلێ کوردان

بناوێلێ لای بانە زێر
پڕ لەسلمانە و لە خێر

پەرژینی دەوروبەری
وەک قەتارە و قەیسەری

هەمو ڕەز و پەرژینە
مەنزەرەی سەوزوشینە

وەرەسەیری باخەکان
لەدەوری دێو ماڵەکان

بابڵێت بکەم تاریخی
ماڵەکانی سەف سەفی

چناری دەورو بەری
وەک نیزام و عەسکەری

بەهاران وەرە ئەوێ
ڕۆژی کەدەبڕێ لەشەوێ

کەلامێو وەک تەلایە
ڕەسمی لەسەر کەلایە

بەگەرمی دێتە پێشێ
ڕەسمی کوردان دەکێشێ

وەکوو ئاوێنە ڕەنگە
وەک پەپلەی لەجەنگە

گەر باوەڕم پێبکەی
وەرە سەیری ترێکەی

کەکەی لەو وەقتەوە
وەک خەیاری پتەوە

ترێ ڕەش، ترێ تایفی
زۆر جوانە ئەگەر کەی

وەکو شیشەی تەلایە
بۆمن لەتاریف نایە

سەرلوولەی پێلەپێشێ
وەک خەیارێ دەقڵشێ

جێیە کە بڵندولسێ یە
ڕەزو باغاتی لێ یە

جێ یێ کە گوڵ و دەشتە
وەکو باغی بەهەشتە

بەهارو پاکێتمە
بەهارانی شەونمە

بەهاران وەختی وادەی
خۆشە تەماشای بکەی

بۆسەیرانی کەدەچن
کیژ و کوڕ تێکەڵ دەبن

دەچنن کلوکە سودان
هەڵ دەکەنن کۆزروان

شنشگەزمو یە و گێلاخە
لێمەتی قلزاباخە

کەفەسلی بەهار دابێ
وەک بوکی سوری لێ دێ

کشت نەمامو کێلگەیە
مەنزەرەی جوانی هەیە

بەشێخەڵی دار بەرو
رازاوە ئەوە هەمو

دەوروبەری چنارە
بەرپزو بە قەتارە

شەخسی زۆری لە دەورە
سەحابە و پیاوی گەورە

مەلاحوسێن سێداران
شەخسی قەراخ ماڵەکان

زینوکرمۆز کاکلمان
پورمەروەت بە ئیمان

وەلیە چکۆڵەی سەیداری
شەخسی لای بالە زێری

لەمیان شەخسی قەدیمە
ناوی عەبدولکەریمە

ئاوی موچەو مەزراکان
بۆدێ و بناوێڵی کوردان

مەزار و ئاوی موچەکان
بابۆنی بکەم بەیان

دێمەری قەراغ مڵان
زەویبەبەری ئاغاڵان

لەگەڵ دێمەری نێوەدێ
لەوبەری هەرمێ گەرێ

سێداران ، گۆمە گەورێ
لەگەڵ کانی کوڵکێ

گورگە چاڵ، دۆڵی ئاوە
وەکوبوکی رازاوە

زینو کرمۆڵ گردەگەڵ
لەگەڵ گۆمی حەمە گوڵ

زەوییەکەی دارە گەورە
چاردێن هەڵ پەسێرە

گردەبڵندەی گەرێزێ
بۆ حەشارە پاییزێ

کولارو زەرەتووێ
کانیە گوڵا نیشی لەوێ

۱۳۷۰/۱۰/۲۲/ بناوێڵەی کوردان ●

کۆنە گورگێ دۆڵی کەندەلی

گۆش بەش و سۆبی گەتکێ
قەڵەت مێرگی کێویلێ

دەشتی بانوی جێبەجێ
تەلوویە پشتی دێ

زەویەکەی بەری مەڵان
کانی بان کانی شیلان

خۆشەدیوی لاسورێ
بەهاران بچیە ئەوێ

خۆشەدەشتی مامەولان
لەگەڵ زەوییە جۆخنکان

زەویە نێوداران لەوێ
کانیسێو زەویە خەجێ

باسکی چواڵێ گولەکی
بەهەشتێکە بۆ خەڵکی

تاریفی وێت بۆ بکەم
کانیە نزاری سەرجەم

زارگۆ تێ و پشت شەلیز
شیوی سوڵێ ساف و لوس

قازیاوێ و کانی گۆیژێ
بۆنی گوڵانی لێ دێ

سەخت هەتاکو چۆمی
قوڵ و بێ بنە گۆمی

کۆخە داڵ و بیەسوتاو
کاڵی مەڕان بوکەواو

«پاکی» ترۆقەدری بگرە
حەقی ونێلت لە سەرە

چونکە نیشتمانتە
جێ گۆڕی باپانتە

گشتی باخچە و دێیەرە
ئاوی حەوزی کەوسەرە

دێکانی دەورو بەری
گوێ گرە وەک موشتەری

گوڵمەشین و بانەزێر
دەشتی بلکی وەکو زێڕ

گوندی گەنکێ چادەکەی
گەرتەمەنشاوێ دەکەی

بەهەشتی سەر ڕووی زەمین
ماڵوداری، وێروڵی شین

و سەوەکەل عەریی لەوێ
بنلوییلێ و بەسری

مووناجات

یا ڕەحمان و یا ڕەحیم ، یا غەفوور و یا حەکیم
بەحەرێ خێرو حەشیم ، ئەی خودای بەرزو قەدیم

من دەڵێم « ئەلحەمدولیللا» ڕەببی عالەم تۆیی خودا
ڕۆژی دەهەندەی بەندەیاتاڵە سەردنیا بژیم

پڕگوناهم ، پڕخەتا ، ڕووم نیە بێمە تکا
من لە بەر ڕۆژی جەزا، گێژو هێژو سەرسەرییم

ڕۆژی ئاسانتی گلارەکەم ،ڕووم لەبە داوات لێ بکەم
لەبەر خەتا و جورم و نەدەمی، ڕووت و قووت و بێهەتیم

شەرمەسار و گرفتارم ، بۆ شەفاعەت ئینتیزارم
ڕووسیاو و بێ قەرارم ، هەم خەتاوتاری جەحیم

تۆئەرحەمەڕڕاحیمینی ، من بێ‌وەفا وەک دەبینی
خودای ئاسمان و زەمینی ، خۆت دەزانی پاک نیم

پاکو بێعەیبی خودایە ، من لە تۆ دێمە تکایە
گەرقەبوڵ کەی ئەم ڕەجایە ، ئوممەتی موحەممەدیم

فەقیرو ڕووت و ڕەجاڵم، ئەی خودا مەشکێنە باڵم
گەرنەکەی ڕەحمێ بە حالم ، موستەحەققی دۆزەخیم

ڕێی سیرات دوورودرێژە خەڵک تێیدا حوڵ و گێژە
گەرقەبوڵتە پێمی بێژە، دەحس بەحەڵمانی ئەبیم

«پاکی» عەبدێکی فەقیرە، باری گوناهی کەسیرە
پێی نیە توێشو وزە زەخیرە زۆر بە خۆف و ترس و بیم

موناجات

پادشاهی هەردوعالەم یارەحمان و یارەحیم
خالقی حەووائو ئادەم یا غەفوورو یا کەریم
من گەدام و بێنەوا ، سادەیی خێڵ و حەشیم
لێو بەبار و پشت خەمیدەم ئەی خودای بەرزو قەدیم
من لە قابی بارە گاهت شەرمەسارو رسەرنەویم

عەبدی بێ چارم بەدایم هەر دەڵێم « الحمدلله»
خالقی عەرزو سەماوات رەببی عالەم تۆیی خودا
تۆیی نەیاری خالقانو ئاحەزو عەبدی ڕیا
بارەگاهت زۆر عەزیمە مالکی ڕۆژی جەزا
ڕۆژی دەمەندەی تۆبە تەنیا تالەسەردنیا بژیم

ڕو ڕەش و مل کەچ و ماتم ، پڕ گوناهم ، پڕخەتا
گیرخوردەی ڕێی سیراتم ڕوم نیە بێمە تکا
لوتفی خێرت بوانەحالم ، بەرزوبینا یە خودا
بیکە بۆ خاتر خەلیل و ڕوحی زۆری مستەفا
والەرپڕی عاسیان و گێژاو هێژو و سەرسەڕیم

ئەی خودایە لێم ببورە ڕۆژی ئامانجی کارەکەم
هیچ عیلاجم ناکرێ دێم و دەعوات لێ ئەکەم
چونکە عەبدێکی زەعیفم ئەم خەیەتاری عەدەم
ئەی ئیلاهی زۆرغەریبم پێم ببەخشە ڕوحم و کەرەم
پڕخەتام و پڕگوناهم ، ڕوت و قوت و بێپەتیم

موخودای بون و نەبونی ، من بە ئەنیم بێخەرتر
بەدەستی نەفسی ئەممارە زۆر لە مێژە گرفتار
من لە قەبرو گۆڕی تەنگاهەر دەناڵێنم بەزار
بۆتە پیشەم شین و زاری چونکە مسکینم ، هەزار
شیفاعەت گەرنەکا چارەم ، دەم خەنەڵاری جەحیم

ئەی خودای بە رزو بێهاوتا تۆ ئەرحەمەر راحیمینی
من پێنەوام و بێ پەنا، بێ وەتابوم وەک دەبینی
لەدەشتی مەحشەرا ڕوتم ، لات وکەوتوم بە خەمگینی
لە بۆچینی گوناهکاران ، خودایا تۆسەحەم گینی
گەر نەبێ ڕەحمەتت ئێمە دورلە جەننەت و نەعیم

بێ ڕەنگو بێ شەبیهو پاکو بێ عەیبی خودا
خەجاڵەت بو شەرمەندەم ، من لە تۆ دێمە تکا
نەخۆشی کۆمەڵەی ئینسان ، چاوەڕوانە بۆ دەوا
دەوای دەردی خەتاکاران ، حەقیقەت زاتی اللە
گەر قەبوڵ کەی ئێم خودایا ئومەتی موحەممەدیم

لێوبەباری دەشتی مەحشەرشەقیرو ڕوت و ڕەجاڵم
لە حەلقەی ناری جەعیما ئیلاهی مەشکێنە باڵم
بێ شکە دۆزەخ جێگامە گەر نەکەی ڕۆحمێ بەحاڵم
لە دەشتی مەحشەرا کەوتوم ، ڕوت و قوت و لات و لاڵم
گەرنەبێ لوتفت لەوێدا موستەحەققودۆزەخیم

ڕۆژی کێشان و پێوانم ، تای خێراتم سفرە و لێزە
ئەودەمەی وشکم لە تینوان پێم دەڵێن ئارەق بڕێژە
ئەزانۆ کە نابێ ئەرۆین ڕێی سیرات دورە درێژە
مات . حێماوم لە وێدا ئەی خوداڕەحمەت بڕێژە
بۆشەفاعەت من لە وێدا دەس بەدامانی نەبیم

گوناهم زۆر بێ پاکەم هەرچی بم هێر ئومەتی تۆم
زۆر زەلیل و کزو و ماتم وەسیلەی خۆدەلیلی بۆم
وەک سەگێکی بێ خەیلمە دێمە دوتانەوە نارۆم
«موستەحەقی تیرو تانەی ئاشنا و بیگانەخۆم »
دێمە دەرگایەکەی خاتەم وەک سەگێکی خانەکیم

یا موحەممەد دەخیلت بم ، «پاکی» عەبدێکی فەقیرە
دەستی من دامێنی تۆبێ ، باری گوناهم کە سەرە
ڕێی بەهەشت دورە لە بۆ وی پێی نیە توێشوو زەخیرە
بۆشەفاعەت ڕوژی مەحشەر یا موحەممەد تۆم لە بیرە
خەتابار و گوناهکارە زۆر بە خۆف و ترس و بیم

مونلجات

موستەحەقی دۆزە خونلری جەحیم و تلورم
غەیری تۆتیە پەناهێک من پەنابۆکێ بەرم

یارەبی لەستغفروڵڵە ، پردی سیرات رێگەمە
یارەسولوڵڵە تکایەک ، رەحمەتە خۆ دەربەرم

سەدهەزار لطف و سەڵا بێ لە روحی پاکی مستفا
گەرنەکەی روحمێ بەحقم لەجلی نلروسەققەرم

نەفسی شەیتانی عەدوم و ڕوم نیە بێمە پەنات
بەو هەمو سوچ و خەتایە من وەها چۆن سەربەرم

هەرئومێدم زاتی تۆیە رەحمەتی بۆعالە مین
یاوەری یا سەروەری ، یا خۆ تۆی تاجی سەرم

ماتەمین و دڵ حەزینم پێم نیە توێشولەوێ
روسیلم و شەرمەزاری یارەکەی بێ سێیە رم

حێ و مەکانم دۆزە خە دورم لەبلخی جەننەتی
بێگەرلرو بێ مەدار، لینو بێ لاوێی کەوسەرم

زۆر بە ناکلمی دەتلێم دور لەیارانم لەمن
چاوەڕوانم بۆغەم فایەک لاچێ دەردی سەرم

لەی خودایا چەند غەریب و بێ لەولزم بێ کەسم
کواشەفیعی کوللی عالەم سەروەرم، یادگیەرم

غەرق و لێز باری گوناهم چاوەڕوانی رەحمەتم
غەیری تۆتیمە پەنایێک من پەنابۆکی بەرم

«پاکی » عومرم کە وتەلێژێ ، رۆیی بە نلدانی هەمو
سەرکز و سەرلێ شێواوی رۆژی دەشتی مەحشەرم

سەرچاوەی کوردانی بریسو/ ۱۳۷۷/۱۰/۱۹

دور لە وڵاتم

شیعری کوردی گەربنوسی کارێکی کوردانەیە
بەرهەمی کورد زیرەکانە ئەم شیعری ڕێک و جوانەیە

کوردوستانم ، نیشتمانم، شاخەکان و جەنگەڵی
خۆشەبینی بەهاران ، قاروقیرەی بەرغەلی

خۆشە چوونە کوێستانی نیشتمانی خۆشەویست
خۆشە بچیە نێو ڕێواس و نواڵە کالی وەک بەهەشت

بوکی سوری کوردستان و نیشتمانم خۆش لەوێ
هەربەهاری نەوبەهاران ، پێم خۆشە بچمە لەوێ

دەچمەوە بو نیشتمانم ، دەچمەوە کوێستانەکان
دەچمەسەر شاخی بڵندو دەچمە نێو بەردوتەلان

« تابمینێ نوری چاو و تابمێنێ هێزی پێم»
نیشتمانی خۆشەویستم چاوەڕوان بەدێم و دێم

لەشقی تۆ مایەی ئیمانە گەر کەسێ توانی خۆش بوێ
مەرتەبەی کاری بڵندە بێ گومان سەردەکەوێ

نیشتمانم خۆش لەوێ هەر وەکو دوچاوی خۆم
لێم دورە ماوێکە دەستەپاچە و ڕەنجەڕۆم

بەردە کانی نیشتمانم گەوهەری ڕوانە لە لام
دارەکانی زێڕی سورن ، کاجی زێڕینە لە لام

چیمەشاری قارەمان و شاری خێش و ماوەتا
شاری کوردان شاری بانە ، شاری کێوی ئاربەبا

گەرچی ئاوارە و پەرێوە و دورەشارە «پاکی» یە
شەرتی شاعیر دورە بینو بێ ڕیاو روناکیە

پارچە

هەڵبەستی
« دەمەتەقەی جوتیارو کەرومانگا»

ساڵی سێسەدوپەنجاوحەوت بود
دەوڵەتی پاشا سەرلە خوێن دەبو

لەوجار بو بەشەر دنیا خاپور بو
بەنێو خەڵک دا زۆرکەم و کوێر بو

پێشینیان دەڵێن شەڕهەر بەڵایە
هەرکەم و کوێری و گرانی لەدوایە

منیش فەقیرو بێ کەسب و کار بوم
بێوەسیلەی جوت زۆر قەرز داربوم

مانگایەکم بو لەگەڵ کەرە رەش
لەمماکەرە رەش نەچوەسەرپەش

فکرم کردەوە فێری جوتیان کەم
بۆمنداڵەکان نانێ پەیا کەم

دوبارە دەسگوت بۆخاتری خوا
جوت چون دەکرێ بەکەرو مانگا

قەت نەبیستراوە لە ناو تاریخا
فێری جوت بێ کەر لەگەڵ مانگا

مانگارەش هیوای منداڵەکانە
هەرواش ئاووسە گوێرەکەی جوانە

کەبێتو نێریێ ئەیکەم بەگاجووت
لەگەل کەرەرەش بیێتە هاوجووت

منیش بەخۆم وت جا چون دەگونجێ
لەجێیەک ئێستا دایک نەزابێ

لێ بەقسەی ئاوا ئەروابە ڕێدا
چۆن شتێ نەبوو ، جێگای ئومێدا

خولەمن ئێستا مەجبورم بۆ گا
لەگەڵ کەرە ڕەش بیکەم بەهاوتا

مەجبور ناعیلاج هیچ ڕێکەم نەما
سەرم هەڵبڕی و ڕوم کرد لە مانگا

وتم مانگا ڕەش تۆ بەقسەم بکە
لەگەڵ کەرەرەش ئەمساڵ جوت بکە

هەرچیش بفەرمووی بەسەرچاوانم
خزمەتت ئەکەم هەتا بتوانم

دلم کردوە بۆ تۆگزرەو سێوەرە
وات خزمەت ئەکەم کەنەڵێن لەرە

جۆش لەئلو دەکەم لەگەڵ کزندا
لەویش بۆمەزەئەیکەم بەسەریا

مانگا ڕەش گوتی : ئاجۆرە ئاجۆر
جوت بەڵێمە بکەی لەگەڵ کەرەبۆر

خولەهەڵناگری ، کێ دیویە مانگا
جوتی پێبکرێ هەر وەلە جێی گا

ووتی: خۆمن ئاوسم ئەوا ئالم نییە
زۆر بێ ئینسافی بۆ ڕوحمەت نییە

کە گوێرەکەم بوو بیکە بەگاجوت
لەگەڵ کەرە ڕەش بیکە بە هاوجوت

وتم مانگاڕەش مەگرە بەهانە
ئەونانەمانە ئەو ڕۆژە خوانە

منیش حەز ناکەم ئەعیلاجییە
خەرج گرانە و ئیقتیسندییە

شەڕی ئێران و ئێراقە ئێستا
شەڕی نێو خۆیش هەرلە نێویاندا

کاردەس ناکەوێ لەهیچ وڵاتێ
کەس نیە نەوت و گازمان بداتێ

تەراکتۆر هەیە گازولی دەوێ
بەبێ پارەیی کاڵش دەس ناکەوێ

مەجبورم کە وا جوت بە تۆڕبکەم
ئەدی چۆن نان بۆمناڵ پەیداکەم

ئیتربەسیەتی مەگرە بەهانە
بۆڕوحم ناکەی بە و منداڵانە

بەخوا جوت نەکەی لەو زەوییە خێزە
لێت ڕالەکێشم ئابەو نەقیزە

ڕووم کردە ڕەنگی کەرە کە ئەوجا
وەکونەرە شێرلە عەرەقەی کێلا

دڵی خۆش کردم نەمزانی کە وا
لێم تۆراوەو گلەیی دەکا

لەپڕێک ئەوجار دەمێکی هەڵبڕی
گلەیی چەند ساڵەی لەوێ دەربڕی

جوابی دایەوە ووتی دەبەخشی
ئەوەچەند ساڵە ئەکەم بارکێشی

لەت بردم بۆلای ئاڵ بەلەدێ جارێ
جۆشەت ئەدەمێ هەتابۆ کارێ

ئەرکێکی زۆرم من لەسەر شانە
خەرمان هەڵگرتن ، لە هاوینا نە

زەخیرەیی زستان وەکوزەمبەر بێ
بەمن لێدەکەی تاتەواو دەبێ

هەربەپیشتی من پیاوەتی دەکەی
کەپێیان ووتی ، منیان پێ ئەدەی

ئالفی گاوگۆڵ هەربەپشتی من
دێتە وە بۆسەر کوڵانکە رۆشن

باراش و زەمبەر بەمن لێ دەکەی
ساتێکی چەند دەقیقە بۆلاشم دەبەی

دلرم پێ دێنی سێ مانگەی زستان
رلشم ئاگری بەسەحۆڵ بەندان

گەر بەدوتەکان نەبرم هەوورزای
بەدوسەد شەقلیش لێم نابی رازی

بەهارانیش وا پابەندم دەکەی
زنجیری قایم لە دەستم دەخەی

سێ مانگەی بەهار، زیندانیم زیندان
بەرەڵام ناکەی بچم بۆ گاران

دایم دەناڵم وەکو زەلیلان
لەوا شێت ئەبم لە ناوی گاران

ساڵێ دوسێ جار شریت لەپچرم
هەلێنگ ئەدەمو بۆ کاکەل دەچم

ئابڕوم دەبەی لەسەر زەمینێ
کارێک دەکەی پێم شەیتان نەی بینێ

خوا منی دانا لە بۆبار بردن
بەپێ جەوالە ئەوەک جوت کردن

جواب لەلایەن خۆمەوە

بەس بێ شەرم بە رفیقی ئیبلیس
دەستت پێ کردەوە وابە قسەی پیس

ئەو رۆژە کەوا دنیا سەراسەر
بوو تۆفانی نوحی پێغەمبەر

لەهەمو زێرۆخ نێرۆ مێیە کی
کۆکەبوونەوە بۆ نێزیک کەشتی

پەیمانی بەستبو شەیتان لەگەڵ تۆ
بۆیە دەستی گرت وابە کلکی تۆ

هاتەناو کەشتی بوبی بەواسیتەی
نیشانت داوە کەوابێ عوزرەی

لەرزێی بۆ مەزرا هیچ دانامێنێ
نەک رەشتی و گوریس پۆڵیش ئەپسێنێ

کارو کاسبیم هەربۆتەئەوە
لەتۆبگەرێم بەورۆژو شەوە

دو رۆژ بێ کار بیمانی وەکو شێر
دەست دەکەی بەزەبر بەرە و بالەزێر

ئێستاش پێت ئەڵێم ، نامەردی مەکە
لەگەل ماتکارەکان جوتم بۆبکە

قەسەم بەو خوایەی کە لایەمووتە
بەقسەم نەکەی نەچی بۆو جوتە

بەرموەحشت و دەرهەڵت ئەدێرم
یا کلکت ئەبڕم یازگت ئەدرم

ملوانکەی جوان بەتەلیسووتووک
چۆن لە مل ناکەی لەی پیسی مەخنوک

ئەو ملوانکەیەکە بۆم ساز کردوی
بە لواکەو تەلیس بۆم ئەولو کردوی

ئەیکە مەملەت ئەوەندە جوانە
مل لە جوت بنێ وەکوپەکانە

بە ئیلد سازم کردوە ملە نیر
زۆر بەلەباری بەشکرو تەگبیر

کەلەوەی جوانە لەبۆم سازکردووە
ئەوەندە جوانە دەڵێی بزنوە

جەپلێ گیزی ' ریزای بە ملکە و بەرموور
هەر وەک گشتەی بە ملی ئەستوور

جۆت بوقتی ئەکەم پڕ بە توورەکە
راوەستە بیخو لەبەز نیرە کە

ئەتیەم بەرە و دەشت لە گەڵ مانگارەکان
جوت و پێدەکەم بەبێ غەلل و غەش

دوژمن خۆش مەکە بە خۆت و بە من
کە بەقسەم بکەی کوێر دەبێ دوژمن

خوالێسەی کەلام برد من بۆ جوتی
جوتیان راکێشا بەقاپەلوتی

بەبۆزەی مانگا کەربەزەرە زەر
دەنگی دەیخو منیا بوو گەر

بەمولەمۆ و بارە بە برۆ برۆ
جوتم لێ خوری منی رەنجەرۆ

بەخێڵەخستش و بەناراحەتی
ئەوساڵە ئاوا دەچوم بۆ جوتی

بۆ خاتری ئەمی لەسەر روی دنیا
یا خوا ئەداری رو لە کەس نەکا

جوتی مانگا و کەر ئەعیلاجیە
ئەردی ئەداری دەرمانی نیە

باپێشت بڵێم ئەی کاکی زانا
کێ پێمان دەکا جوتی ئەو ساڵا

هەر لە کونەوە جوتیار فەقیر
دوژمنی ئەوبوون ئاغا و بەگ و میر

حاکمی رۆژ و دەورو زەمانە
نەی هێشتوە بژین ئەو جوتیارانە

بە کوردی بڵێم لەم کوردوستانە
ئەوە نمونەی جوتیارانە

دوژمنی جوتێر دەک نەمێنێ دەک
حاکمی رۆژ و ئاغا و دەرەبەگ

پارچە هەڵبەستی

« ژیانی جوتیاران و زوڵمی ئاغاکان»

ژیانی جوتیاران و — زوڵمی ئاغاکان
بەشیعری جوان — نوسیم بوکوردان
بەزمانی خۆمان — بەکوردی سۆران

«نامیلکەی ئەوەڵ »

بەشی هەوەڵ

بابکەم باسی ئەرباب و ئاغا
بەسەر خەڵکیدا بیونەپاشا

زوڵمی ئاغاکان باسی ناکرێ
ئەوەندە زۆرە تەفسیر نادرێ

ئەمما بۆئەوەی خەڵکی کوردوستان
لەبیری نەکەن زوڵمی ئاغاکان

بە موختە سەری چەند شیعرم دانا
تایخوێننە وە ، کوردی دە زانا

تاشێرە کوردان باش ئاگاوەبن
بینە بەرهەڵست بۆ ئاغا و دوژمن

باثەوەش بڵێن کوردی خۆش باوەر
قەت باوەر مەکەن بە ئاغای بێ‌فەر

مڵێ بێ دەستەرپشەی براوە
غەرەزو کینەی لە دڵ داماوە

هەمیشە و دایم لە حاڵی قین دا
هەمیشە بۆتۆڵەمەر لەکەمین دا

بەڵێ ئاغاکان عادەتیان وایە
بەخێڵ و خوێن لەسەر دنیایە

کە دەستیان هەبوو بۆ زوڵموزۆری
هەر لەژێرەوە دەکەن خوێن خۆری

کەدەستیان بو وەکو فیرعەون
بۆزوڵم و زۆری پەیرەوی ئەون

کەدەستیان نەبو دەبن بەشەیتان
دەبنە نۆکەری دەوڵەت و شاهان

زۆر زۆر خەراپتر لەشەیتان ئەچن
ئاغا بەو جۆرە هاتوون چین بە چین

نۆکەر لەجێ جێ وایان زەن ئەبرد
ئاغا خودایە سوجدەیان ئەبرد

چونکە ئاغاکان یەک ، کار بەدەست بون
یەک جار، بەدکارو مادەی، پەرەست بون

زوڵمێکی زۆریان ، لە خەڵکی دەکرد
بەناحەق ماڵی عالەمیان ، دەبرد

لەبەر زوڵمی ئاغای پیس و مزن
حەتتا نەبو کەرەسەت پێخۆن

نانی گەنمت هەرگیز نەدە دی
ئالوبانگی ئەبو برینجی سەدری

لەملی ئاغا بەتۆن و بە بار
برینج و گەنم خرابۆ ئەنبار

رەعیەت ئەیان بوو ژیانی سەربەخۆ
ئەوەی ئێژدەت دی ئەیبو نان و دۆ

خوێنی رەعیەتی داماوی فەقیر
ئاغا دەیمژی یا کوێخا و گزیر

کەلەوەڵ مانگی پاییز دادەهات
بۆفڕو جانە و گیسکانە و مەکات

قوڵە کوێخاکان ، لەگەڵ جاش ئاغا
نێودێ دەکەوتن بە قیرە و هەرا

تاعینیان دەکرد لەسەر خەڵکی دێ
ملی چەن فەرخ بۆ ئاغا بچێ . . .

جگە گیسکانە و لەمەکتەبیکار
زەکاتی ئەدا رەعیەتی هەژار

چی بۆئەدەما لەبۆ بژیوی
نان بە ئاو دەخۆن ژن و هەتیوی

نەکەوتە پینەی ئیپلس و کەوشی
بەهەر جۆرێ بوو خۆی دادەپۆشی

بەردەبوو پینەی لیباسەکانی
لەبەر پینەی زۆردەست نەدەتوانی

ئەوەرمەقتاری ئاغای قەدیم بوو
ساڵ دوازدەی مانگی تاتەواودەبو

ساڵ لە گەڵ حیسابی کەلوپ دەبڕاوە
ئەوەی کە گوشمان زیندو دەبۆوە

دوبارە پاییز دەس پێدەکرا
هەموڕۆژ ڕۆژی خەرمان هەڵگرە

ئاغا هەر دەبێ خەرمان ، هەڵگرێ
پاکیسک بەرێ پاکەڵە شێرێ

ئیترهەمو ڕۆژئەوەکاری بو
چونکە میوانی لە دور هاتبو

رەعیەتی لات و بێ چارەی کەسیف
ئالیشی نیبۆ کە بیخوا رەدیف

دەبو هەمیشە کاسبی بکا
لە خۆیی وگێرێ و بیدا بە ئاغا

سەدتۆانی گەنم ، هەبوایە لەبیو
بۆ مریشکی ئاغای ئەرشت زوبەزو

مەخلە و بیگار و لەگەڵ گیسکانە
زەکات و مەکلت لە گەل جێژنانە

باش دەلە وەران وەختی سورانە
پاییز و بەهار بۆ فروجانە

ئەوەی ئاخریان هەربەتوایە بو
ساڵ دوازدەیی ماڵک تا تەواو دەبو

یانی ئۆزیان لەخستە سەردێ
بۆماڵی ئاغا هەر رۆژە ، ... ، یەکێ

ئۆزەکەیەسەر جا خۆیو شانسی
دەمیان ئەیان بوو گزیری برسی

یەک کەڵەشێریا یا چەند بلۆکە
دەبو حازر بن لە بۆ نۆ رەکە

دەبو کەچ نەبێ لە ئەسری گزیر
چونکە گزیریش دەناسرا بە زیرا

لە نێو عالەما سەری بەرزبوا
قسەی گزیران تەغیری نەبوو

جالەومێچکە لە کوێخا روتە ...
کوێخا روتەکەش دەست کوت بزوتە

لە خەرابە دابەرگریان نەبو
دەوری ئاغاکان ئاوەم جۆرە بو

« بەشی نۆهەم»

زوڵمی ئاغاکان باسی ناکرێ
هەتا بە هیچ کەس تەفسیر نادرێ

زوڵمێکی زۆریان لەرەعیەت دەکرد
لەهەموو جەددو نا موسیان ئەبرد

وەها دەفەرموێ قورئان بە یەقین
لعنه الله علی الظالمین

قورئان لە چەند جێ ئیلزامی کردوە
هەر ئەم ئایەتەی دووبارە کردوە

والله لایُحِبُّ الظالمین
لە بۆنمونە ئەی کاکی بەدین

خودا دەفەرموێ بۆمان بە یەقین
والله لا یهدی الظالمین

نازانم بۆچی ئێستا مەلاکان
ئاخ هەڵ دەخولێن دەوری ئەوان

من خۆم بیستومە لە بەعزێ مەلا
دینیش نامێنێ کە ئاغا نەما

نەخێر وانیە خەراب حاڵێ بوون
ئەو مەلایانەش دوا دنیا کەوتوون

ئەو مەلایانەش هەر ئاغابەڵێن
دنیا پەرستن بۆ یە وائەڵێن

بۆئەوەی سبەی خەڵاتی بکا
فتوا بە ناحەق بۆ ئاغا دەدا

زوڵم و دین زیددن پێکەوە نایەن
ڕەگ و ڕیشەی دین دەردێنن لەبن

نازانم بۆچی ئەو مەلا یانە
گوێڵی ئاغان بەو عیلمە جوانە

ئاغاکەم هەموو زوڵمە ئەنوێنێ
نازانم بۆچی مەلا نایبینێ

یا خۆ گێل دەکا لەو ئایەتانە
کە خوا فەرموویە بەو زاڵمانە

هەرکەسێ کۆمەک بکا بە زاڵم !
شەریکی ئەوەیشا وابەزاڵم !

بۆ تە وەسیلەی بۆ زوڵم و ئازار
ئەو زاڵمترە لە ئاغای زۆردار

چون کە ئەو دنیای بۆ ئیشغاڵ دەکا
چون کە ئەو خەڵکی بۆ ئیغفال دەکا

مەلا بۆ خاتری گیرفان و پارە
بۆتە موجتەهید لە لا دێ و شارە

بە قسەی مەلاکان خەڵکی دێیەکان
ماڵیان حەرامە و گۆشت لە حەرامان

چونکە بێ ئیزنی ئاغا لە وێن
چۆن لە کەمێ ئاغایە زۆربەش ئەدوێن

بەڵکوسەی کاک مەلاکەم زەوی و زارە
گۆشتی حەرامە خۆ زاری مارە

وەک خوابۆ خۆی تاعینی کرد بێ
فەقەت بۆ ئاغا زەویی دانابێ

ئاغاشی بەجیا دروست کرد بێ
بۆ زوڵمو و زۆری لەسەر ئەرزێ بێ

گەل وەکو کەر و گاو و بزن و مەر
تەماشا بکات بەبێ دەردی سەر

وەک گا، وەکو کەر بمان فرۆشێ
بۆ زوڵمو و زۆری هەرتێ بکۆشێ

ئاخو زەوییەکان بۆ چی هی ئاغان
کێ ئاگای لێ بووە بە چەندەکریان

هەربەزۆر داری داگیریان کردوە
مڵکی ئاغاکان ئابەم جۆرە بووە

بەشی سێهەم

ئەی برای کوردم تا باش بزانی
ئاغاکان مڵکیان چۆن بە دەس هانی

بەچەند جۆر ئاغا مڵکیان دەس کەوت
یا بە زۆر داری یا بە ڕێکەوت

یا بە جەردەیی و ڕێگری وڵات
یا خۆ تاڵان و بردنی ماڵات

یا ڕەشەکوژی لە مەنتیقە دا
دەبوونە حاکم بە و جۆرە ئاغا

ئاوا پەیدا بون ئەشرافی ئاغا
وەکو گیا کە لە رەگیان داکوتا

کاک مەلاش دەڵێ مڵکی رەعیەتان
کەئاوا بیخۆن حەرامە بۆ یان

بە چەندەحیلێک پێت سابت دەکەم
کە حەرام بە ئەو مڵکە سەرجەم

یەکەم ئەو مڵکە ئیخۆیان نەبوو
وەکو شەرحم دا دەستیان کەوتبو

دوهەم زوڵم بوون لە رادەبەدەر
خەڵکیان چاوتەکرد بە گلو و بەکەر

خودای ئەو خەڵکە گرتنی هەمو
باوی ئاغا کان تەخت و فەنا بوو

سێهەم ئایەتی قورئان دەلیلە
وەک مانگ دیارە مەکەوە پیلە

لعنه الله على الظالمين
بۆ ئاغا کانیش دەس دەدایە قین

بەشی چوارەم

ئەو ئاغایانەی لە چەرخی منا
زوڵمیان ئەکرد ئەسانەی برا

ئاغای پژدەری زۆر بە ئلوبانگ بوون
زۆر بێ بەزەیی و زۆر بێ ئیمان بون

بۆ زوڵم و زۆری وەک وەحشی کێوان
لە بۆخێڵ بازی هەروەکو شەیتان

بۆ پیلو کوشتن زۆر بێ شەرم بوون
زۆر رق لەستورو کەللە گەرم بوون

پێتو بەردێکیان بە سەگ دا دابایە
دەبوو لەوکەسە هەر بکوژرایە
حوکمی سێدارەی بۆ سادر دەبوو
دەیان کوشت چونکە دەسەڵات نەبوو

سەی ئاغا ئەگەر سەد کەسی خواردبا
کەس نەیدەوێرا بەردی پێدادا

دەستوریان وابو ئاغای پژدەری
لەسەر یەک سەگی چەندپیاو بکوژرێ

زۆر بێ ئینساف و گەلێ بێ دین بوون
زۆر کەللە رەق و زۆر ناشیرین بوون

مەست و مل هوڕو دور لە ئەجابەت
لە ترسی ئەوان شەیتان هەڵ دەهات

دنیا کەربوو بەلاف و گەزاف
شەیتان هەڵاتبو بۆپاش کێوی قاف

بەکوردی دەڵێم ئاغای پژدەرێ
باسی پیسیان هەر گیز ناکرێ

دەنانەوان چی و ئەوکورتە باسە
ئاغای پژدەرێ خودانەناسە

لە دیوی ئێراق ئاغای پژدەرێ
لەدیوی ئێران ئاغای مەنگوڕێ

میراو دەلیە کان لە خاکی ئێراق
ناویان ڕۆیبو بۆ هەمو ئافاق

ناوی بەد ناوی میراو دەلیەکان
دنیای کرد بو بە تاریکستان

هەرکەسێ ناوی ئەوانی ئەبیست
تفی لێ دەکرد ، دەرحال ئەی دەویست

نەی دەویست ناوی ئەوان بیبیستێ
کەسێکی کەوا لێیان بترسێ

ئەوخاکەی ئەوان لەسەری دەژیان
خاکی ئیراق بو بۆم کردی بەیان

خەڵکی ئەوجێیە لێت بێ عەیان
وەکوماری سەر ئەژوورێ دەخزان !

کەمیان دیبا ئاغا دیارە
دەرنەدەکەوتن هەتا ئێوارە

هەر لەکۆنەوە زوڵم لێ چوبوون
بەزوڵمی ئاغا چاو ترسێن بوون

هەتا شۆڕشی مەلا مستەفا
وەکو ڕۆژ هەڵات لەو وڵاتەدا

وەرزێرو جوتێر ، خوێندکار و مەلا
هەمو ڕاپەڕین لەزوڵمی ئاغا

بولەپێش مەرگە لە بۆ رزگاری
تابرو خێنن کوشتنی زۆر داری

تابروخێنن کوشتنی نەفامی
بوونەپێشمەرگە زۆر بە ئارامی

بووله پێشمەرگەی وڵات و وەتەن
بەرگری کرا بوون لە عیلم و لەفەن

بوبەسەر پەلیان کاک عومەر عەلی
زۆری لێ کیشتن لە میراد و دەلی

سەرەنجام ئەما ئاغا لە ئێراق
ببون بە پەندی جیهان و ئافاق

خولاسە بلێین بە موختەسەری
مەجبور بوون بەوەیکەن نۆکەری

ئەگەر لە ئاغای ئێراق دەپرسی
بوون بە نۆکەری دەوڵەتی بەعسی

« بەشی پێنجەم»

ئاغا لە هەر جێ لە دووی قودرەتن
کە دەستیان نەبو لە گەڵ دەوڵەتن

بێنیەوە باسی وڵاتی خۆمان
زوڵمی ئاغاکان لە خاکی ئێران

ئاغای سوێسنیان ، لەگەڵ گەورکان
گەلێک زاڵم بوون ، مەعدوم براگیان

گەورکی ئەودیو بە حسیان ناکرێ
زوڵمی زۆریان قەڵەم نایبڕێ

بۆت بکەم باسی ئاغای مەنگوڕی
باش گوێ بگرە بۆم وەک موشتەری

خەڵکیان خستبوە ژێر باری گران
دنیا لە خەڵکی ببۆ بەزیندان

دنیا ئەو رۆژە دۆزەخ ئاسابو
لەرەعیەتی رووت باش ئەندرابو

نەیان دەوێرا بڕۆن بۆجێ کر
بەسەرابونەوە لە وڵاخ چاکر

ئاغای مەنگوڕی بێناموس و نەنگ
دنیایی ڕوناکیان لێ کرد بون تەنگ

ئاغای مەنگوڕی و ئاغای گەورکان
لە یەیەک نزیک بوون لەزوڵما یەکسان

دەڵێن ئەو دوانە زۆر دلۆین پیس بوون
زۆر بێ شعور و زۆر ناتەمییز بوون

دەڵێن لە دێیەک زۆرداری بوە
زۆر بێ ئەدەب و بێشعور بوە

هەرکەسێ کەوا ژنی بێنایە
دەبوولەوەلێ شەو بەوی بدایە

ئاغا دەیەویست تەنیا بۆ ئەوەی
کەمیکابەژن لە کچێنیەکەی

زۆر بەی ئاغاکان لە ناوچەکانا
هەمویان وابون لە کوردوستانا

دنیا بۆ خەڵک وا خەمئال بو
رۆژی روناکی لە هیچ دێ نەبو

هیچ شوێنێ نەبو خەڵک رویی تێکا
هەتا کو زوڵم و زۆر قەبوڵ نەکا

هیچ جێ نەمابو پەنایی بۆ ببا
مەجبور ، ناعیلاج ، دەبو دەنگ نەکا

چۆن ئەگەر دەنگی کردبا کە سێ
ئاغای زورداریش هەڵی داوەسێ

تەمبێ دەکران زۆر بە ناپاکی
ژینی ئەوانە زۆر بە هیلاکی

قودرەتیان نەبو لە هیچ جێ‌رەعیەت
بەرگری بکەن لەزوڵم و زیللەت

«بەشی شەشەم»

مەرجی ئەوطیان زوڵم و زۆری
لە بۆ خوێن مژی بۆ خوێن خۆری

پەکێتیان هەبو ئاغا کلی هەمۆو
بۆیە هەرئاوابون بە درو

ئاغالە ئێراق ، ئاغا لە ئێران
فەرقیان نەبو ، بۆ زوڵم و زیندان

ڕەعیەت لە ئێران کەباری دەکرد
لەغالە ئێراق ڕایان نەدەگرت

دوهەم دەوڵەتی ئەبو لەو وەختە
بەرگری بکات لەو کارە چەوتە

سێهەم خەڵکیان ئەچەوساندەوە
هەرنەیان دەهێشت بیوژێتەوە

لەبەرفەقیری قودرەتیان نەبو
هەستی ڕاپەڕین ئەلوا زوبە زو

«بەشی هەوتەم»

بێینە سەرباسی بەگزادەی بانە
ئەوان مەشهورن لەو کوردوستانە

وایان پێدەڵێن بە بە گزادەکان
ئەویان مەشهورە بە بەگ و بە خان

ئەوخان و بەگە بۆت بکەم بەیان
دەمار سیفەتن ئاغا هەمویان

زۆر قۆڕدەماغن ئەوخان و بەگە
ئەو سیفەتەتیان ، خۆ هینی سەگە

بۆ دەمار زلی وەک کەر و گا وان
شەیتان بۆ دەرس ئەچێتە لای وان

ئەوان ناوی دین زۆر بلاو دەزانن
بەڵام داخەکەم ، خویان شەیتانن

دەڵێن پیاوەتی لەلای ئاغایە
بەئەوری کوڵانی ماڵی سەرایە

بەڕاستی ئەوان گەلێ مەغروورن
لە ئاستی مەردی گەلێ بە دوورن

زەمانی قەدیم بەگ و خانەکان
مەتبەقیان هەبو لە دێهاتەکان

لەڕەعیەتەکان جوێ دەبونەوە
هەمو لە یەک جێ کۆ دەبونەوە

قسەیان لە گەل ڕەعیەت نەدەکرد
بەچاوی سوکیان تەماشا دەکرد

کەس نەیدەوێرا ڕەعیەتەکان
قسەی دەربڕێ لەڕوی خانەکان

چونکە لە بەر خان کەس لیزنی نەبو
دەورەی خانەکان لەبەو جۆرەبو

ئەگەر خان ڕوی خۆی گرژ کردایە
ڕەعیەت هەر دەبو خۆی بکوشتایە

بێ ئەوەی ژینی خۆی لەدەست دابوو
دین و ناموسیان هەر بۆ ئاغابو

نەخاوەنی ژن ، نەخاوەنی ماڵ
ئاغا داینا بو هەروەکو گۆڵاڵ

نەخاوەنی خۆی نەدەسانەوە
خەڵک زەلیل بون بە دەس خانەوە

کوڕی خان هەروەک کەری بەهاران
بەرەڵابێ چێ بۆ کاران

لێودێ دەکەوت بە ئارەزووی خۆی
هیچ کەسێ نەبو لێ بکاتە ڕوی

کچی هەرکەسی کە پێی جوان بایە
فەسادی دەکرد ئەو زۆڵە زایە

باسی زۆر داری خانی بە ڕەڵڵا
ئەوەندە زۆرە ، ناکرێ بە ئاژا

دەبو ئەم باسە هەر بەئاوی زێڕ
بنوسرێتە وە هەموی دێڕ بە دێڕ

کەچی داخەکەم ئەلەم بارەوە
دەست نوسێ نەبو کەبی خوێنمەوە

هەر ئەوەی بزاکراوم کەوەبیرم دێ
نوسیمەوانێ دەرحاڵ جێ بە جێ

لەبەو جۆرەیەتەماشای بکەن
ئێستا کەمیشە، باوەڕم پێ کەن

باسی خانەکان بەوجۆرەبووە
لەقەدیمیانی ناوچەم بیستووە

وایان دەزانی کە ئەو عالەمە
هۆشیان نەماوە ئاگایان کەمە

خودا بۆ ئێمەی موڵەددەر کردوون!
لەژێر فەرمانا هەردەڵێ مردوون!

دەیان گوت ئێمە پاکین و ئێوەش
پیس‌هەر بۆیە کراون بێ بەش

خولقێنەر ئێمە دروستی کردوین !
وەگەر نا ئێوە هەرگیز نەدەبوون!

لە دنیای رون دا ، بێبەشی ژیان
لەرۆژی جەزا بێ بەشی دینن

ئەوەی کەرەعیەت بە رەنجی شانی
پێکیەوە دەنا دەیدا بە خانی

ئەوەی کەرەعیەت پەیدایان دەکرد
ئاغا سمێڵیان پێ چەور دەکرد

کەوش کە نەبوبیکەنە پێیان
بە کڵە و پێتا ئەبوونە شوان

خانیش قوندەرەی لێ هەڵ دەکێشا
بۆ ئیسراحەتێ دەچو بۆ مەزرا

جوتێر بەم جۆرە نان پەیابکا
بۆخۆی نەیخوا پیدا بە ئاغا

ئەم بەکڵەکۆن لاقی ئەسوتێ
خانیش هاتووە بۆ ئیسراحەتێ

بێتو بیدیایە بێ جلی پینە
دەسەڵاتی بوەچوویە قینە

ئیتر بێ ئەوەی لە فیکری دابێ
ئەویش ئینسانە و ژیانی دەوێ

دورلە مەعریفەت ، دور لە عەدالەت
دور لە ویژدانی هەی خائی ئەگ بەت

هەی خائی ئەگبەت پیسی ترش رو
هەرچی ئاغایە نیانە ئابرو

بێحەیاو نەفام تۆ والەزانی
لە جێی خودایی و لە جێی یەزدانی

ئەوعالەمەی وا لەژێر دەستی تۆن
هەموخوابوتۆوی خەڵەفەندە کردون

تۆ والەزانی کە ئەم عالەمە
هەموی ئیتۆیە چ زۆر و کەمە

لێت گەڕێن ئیترچی دەکەی بیکەی
خەریکی ئاوا دلیای پیس کەی

بە هۆیی چەتەیی و جەردەیی ، زاڵم
بوی بە ئاغا بوی بە حاکم

بە بیانوی دوکوتی، زەمین لامەزەب
داگیرت کردو ئەویش بە غەزەب

وەکو فیرعەون کە تۆغیانی کرد
دەس بە جێ داوای خودایەتیێ کرد

لەوتۆغیانەدا زۆری پێ نەچو
لەروباری فیل فەوت و فەنابو

خودا موسای ئارد بۆ پێغەمبەری
عەدالەت هات و زوڵم دەرپەری

هەتا قیامەت نابڕێتەوە
چوبۆجەهەننەم قەت نایەتەوە

کەسێ خودا بیکا بە بەندی ڕۆژگار
هەتاهەتایی دەبێ گرفتار

ئێوەش هەر وەها وەکو ئیبرەعەون
بەهەموناکار شەیبی لەعون

کەبون بە بەندی باوزەمانە
سەرشۆڕن سەر شۆڕ لە ڕووی جەهانە

ئەی نەفامینە ئێستاش بەتەمان
بێنە وە ئاغا کەی جاری جاران

چوون مفتەخۆرن بێ ئاقل و نەفام
هاتون لە ژێڵا بە نانی حەرام

بەنانی خەڵکی بەهەختەو بێ کار
دەیرەوتاندەوە ڕەعیەتی هەژار

بەشی هەشتەم

ئەنبازی ئاغا ، کۆناوکۆن گەنم
ئێیدادەماوە دەدرا بە کرم

ڕەعیەت بەهاران ، زوو ئیمان دەبڕا
دەچوبژ گەنم ، بژئەولاو و ئەولا

وڵات گرانی لێ پەیدا دەبو
ئینسان ، ئینسانی دەخوارد سەڵی زو

ساڵی گرانی ڕۆژی ئاغا بو
کڕینی چەنددێی لەزەمین دابو

ئەگەر لە برسان چەندە کەس بمرێ
بازاڕی ئاغا گەرمتر دەبێ

بەمردنی وان قیمەتی لەکرد
ئاغا هەربۆیە حەسابی دەکرد

لەوکەسەی کە وابەدەستی ئێوە
ئەی کاکی جوتێر بەرەنجی ئێوە

بەزەحمەتی ئێوە پەیدا دەکرا
کۆدەکرایەوە دە درابەئاغا

ئاغا ئیحتیاجی بەگەنم نەبو
کۆی دەکردەوە هەتا زۆر ئەبو

گەنمی سێ‌ساڵەی لەکەوڵە سەریەک
کە گران دەبو ئەیدا بە چەندیەک

ڕۆنی خۆیانی لەخۆیان لەدا
بەو جۆرە خوێنی دەمژین ئاغا

گرانی ساڵان کە پەیدا دەبو
هۆی هەرە گەورەی مامەئاغابو

ئاغا ڕیشەکەی لەزوڵما ڕوا
بەناوی زوڵم ئاوپاشی کرا

زوڵم کراسەبۆباڵای ئاغا
لەبەری دەکا و ناوی لێ ئەنا

زوڵم چەند ڕۆژێک بەسەر دلڕەوە
دەنالپایەکەی واڵە خوارەوە

موژدە بێ لێتان ئەی جوتیاران
ئاغانە ملوە بێنە وەسەرتان

بێتەوە بڵێ بۆ بێکار هاتووم
لەبۆخەراج و خاروبار هاتووم

بێتەوە بڵێ لەبۆ کسبکانە
سورانەی خەرمان لەبۆ پوشانە

مەڵەو زەکات و فەروجالەکەت
بۆ دیارنە بوبی گوا، جێژنانەکەت

ملکوو ملەکەی ئاغا کەی زۆر دلر
ئلوایەبدابو ئەی کاکی هوشیار

خوڵە قورئانا نەفرین لەفەرموێ
بۆهەرکەسێکی کەوا زوڵم بێ

لعنەالله علی الضّالمین
ڕودەکانە سەر ئاغای دورلەدین

جابۆت دەر کەوت بەسەروروکات
ملکی ئاغاکان بەزوڵم دەرهات

بەشی نۆهەم

براکەم ڕەحیەت لەم هەمو ڕەنجە
دەبێ بکێشێ بەبەری پەنجە

دەبێ عەبد بێ هەتا هەتایە
بۆمەگەر ئاغا بۆوان خودایە؟

لە هەر دێیەکو لە هەر وڵاتێ
برام ئاوایە بێ دەسەڵاتی

دەبێ هەتاکەی زوڵمیان لێ کەن
وەکو کەرگاڵێر باران بخەن

ئەوان بۆ جیفە و قیبالە گرتن
ئەمانیش لە ژێر زوڵم و زۆر مردن

هەر کەس بۆلای خۆی لەکێڵی برا
پەندی پێشینیان باش لە گوێ گرا

عەدالەت نەما لە هەر وڵاتێ
عەدالەت ڕۆیی زوڵم دێتە جێ

لە ژێرێ دەخوێ حەقی فەقیران
ناگیرێ قەدری دراوسێ و جیران

ئەمجارە دەستێک ڕێ گرو چەردە
گڵاوی دەکەن ئەم خاک و هەردە

لەوەتی خودا دنیای داناوە
زوڵم هەربووە لە بۆ ئاژاوە

وەکو ماری سپیس سەر لە بۆر ئەنێن
لە هەل و مەرج و دەرفەت ئەگەڕێن

هەر لە هەوڵێ دان بۆ فورسەتی باش
یا ئەبنە جاسوس یا ئەبن بە جاش

بۆ فورسەت نەبێ بڕو چاش خانە
هەمویی ئاغایە هەر دەڵێیخانە

بولەوەی کەوا هەروەکوجاران
بێنەوە ئاغا بۆسەر هەزاران

هەر بەخێڵێ و فوت لە گەل عالەمن
دوژمنی سەری بەنی ئادەمن

ئیستا خدرە کێل خۆی کێل کردوە
ئەوەی بزانن ماری نوستووە

چینێکیان جاسوس ، چینێکیان چاشن
چینێکیان لە گەلێ عالەمی باشن

باشە کانیشیان جێگایی مەترسین
لە لۆ مەعلوم بێ ئەی برای شیرین

مام ... ئاغایێ مەڵێن چاشە
زۆر قسەی خوشە پیاوێکی باشە

دەڵێن ئازناوی باباخانە یە
لەگەلێ عالەمیێ زۆر بەنەشەیە

هەتادەسی کاکی مام ... ئاغا
سەگ و ئینسانی پێکەوە دانا

دەیان گوت شەرت بێ ئاغای موکوریان .
دەڵێن زوورباشن لە گەلێ رەعیەتان

کەدەچنە بێگار نانیان دەدەنێ
ناهێڵن کابرا نانی خۆیی بێ بێ

دەیان گوت کاکە ئاغای کوچەری
ئەوان زۆر چاکن ، کەدەچنە دەری

ملێ یەک نەفەر لەبەن بۆ بێکار
ئەوان زۆر باشن بۆ پیاوی نەدار

خەرابی ئەوان عەیبێکی کەمە
تەمای ئاموسیان لەخەڵکی هەیە

ئەمما هەر چاکە بەس نیە ...
لە چاو دەیێ ئوندا، بێکاری کەمە

خلەبەبلەی دەگوت هۆیلە
دەڵێن جیم بانون ، پیاوێکی زلە

رەعیەت لەرووبانابێ دانیشێ
نالێ بە ڕەوڕوی نەفەس بکێشێ

لێوەی دیارە غەزەبی خوا
هەرز دەلەرزێ لە زێر دەستیدا

دەڵێن دەماری ئەوەلدە زلە
سەر دەلەقلێنێ وەکو خول خولە

بلوکت نەدیوە مالەلەندی شەیتان
دەت گوت بەرازەپیاوی دیوەخان

لەگەڵ نۆکەرێلی قسەی نەدەکرد
بۆ کوێخاروتە ئیشارەی دەکرد

مالەندی شەیتان دنیا دەیخلسی
ئاغا بیوانە غولام وکەسی

پێی دەگوت خلە ، بلە ، بزانە
خ، س، ن ، مەزن بولەلای بانە

بلوکی ڕێ نون بو کەلیستا هەیە
کە بۆعەقمێ جێگایی غوسەیە

لەدی «ن، ش ، ر» قەلایەکی بو
بیۆ فیرعەونی سەڵالی پێشو

گوێم لێ بو بلە دەیگوت خلەگیان
وەها نەماوە هەر وەکو سەڵان

قەڵاتی ڕوخا وەکو لاشەکۆن
ئێستا ناوێرن خەڵکی دێ بچۆن

قەڵای« ر، ن، خ» ئاساری ماوە
بەڵام دلخەکەم باش نەرو خاوە

خلە مەرحەلێ بلە قولە قول
ئەولسانەچن ئەیانلێی بە تول

بۆ دەڵەی ، هەر هیچ هۆشت نەماوە
قسەیە ئێژە بێرە بە ملاوە

باحاڵیت بکەم خەبەرات چییە
و ادیارە کە هیچ خەبەرت نیە

«ر، ب، خ» ئێستا لەشکردەکێشی
بۆ گوندی «ط» و بۆئەم دێ و ئەودێ

بۆئەت بیستوە چیان لە خولە کرد
چەندەیان لێ دابێ ئابڕویان کرد

باغوباغاتیان هەموو وێران کرد
دەربەلیان کردو ماڵیشیان بارکرد

مەجبور کاک خولە بوبە ئاوارە
بۆنەت بیستووە ئێستالەشارە

لەشاری بانە ژیان سەردەبەن
دورخراونەوە لە خاک ووەتەن

رەنجی چەن ساڵەی کاک خولە و ئەوان
بابردی رژێی چوبۆ ئاسمان

لەو رۆژانە دا لە « جومی» خوارو
پیلان گێرەکان هەروەکو پێشو

پیلان دەگێرن بۆ خەڵکی ئێودێ
یەکێک دەکوژن بەتیکرالە وێ

بەکۆمەڵ هەموڵێی دەدەن ئەوان
بە چاقوو بۆکس ، شەق و تێهەڵدان

ق، ن ، ک ، لێ وشیینی کوری
بەدەستی زۆری ئاغا دەخوری

« لێ و ش » جوێنی بە ئایین ئەدا
جوێن بە مەلا و جوێن بە خودا

جوێن بە شەرع و جوێن بە قورئان
جوێن بە جەمعی باقی جوتیاران

ق ، ن ، ک ، بابی ئاغاکان
بەتەرزی «ئەوش» کەوتنە جوێندان

بگرە و بیکوژە «ق و ک» لە ڕێ
بابزانین ئاخر چیان لێ بەسەردێ

شۆڕش و غەوغا کەوتە ئاوایی
دەگەڕان بۆ هەل دەستەی ئاغایی

خەڵکی ئاوایی بێ خەبەر لە حاڵ
شەش حەو ئەفەرێک دەرپەڕین لە ماڵ

هەمزە و هەباس و وەسمان و ئالە
کەگوێیان لێ بولەو گاڵە گاڵە

گاڵو - ئێوشین لەدێ دەگری
ئەو ئالاجیە فەقەت بۆشەڕی

کوڵاپان ئەمجا زۆریش کەم ئەبو
هەر حەیایی نیە ئاغای بێ ئابڕو

سەری شکاوە بە کوتک و بەدار
بەسەر سەری دا خوێن دەهاتە خوار

خوێنی ڕژابو بۆ سەربەرد و دار
پێچی دەخواردن وەک ماری زامار

دەیوت ئەو خوێنە هەر ناشۆمەوە
هەتا کو تۆڵەی خۆم نەکەمەوە

خۆی بە خۆی دەگوت دەک خەجاڵەتبی
کە خوێنی ڕشتی ڕەعیەتی خۆڕی

زاڵم زوڵمی خۆی هەرگیز نابینێ
بۆیە بەو شێوە، زۆری دەنوێنێ

زۆلمی بەد کار عادەتی وایە
زولم و زۆردە کا پێشی رەوایە

بۆ یەعنی خوداوەندی وەختی فەرمووە
لەتیرەی زولم لە عنەتی کردووە

خولاسەی کەلام لەوێ خاڵە مەر
ئەم بەسەری هاتەی گێڕاوە یەک سەر

خولە سپاسی کرد لە خاڵە مەر
وتی ئافەرین ، ئەتۆیی هونەروەر

ئەتۆ زانایو ، پیاوی قەدیمی
بۆمان وەگێڕە باسی سەلیمی

خاڵە مەروتی بە خوا سالی زو
دەستەیەکیان بو لە «ج» خوارو

سالان سەلیم خان لە کیوە رۆبو
ئەو وەختە سەلیم ئاغای ئێوەبو

کورێکی هەبو بە ناو سەلیم خان
وەکودەرحەلەی سەروکی چەتان

ئەو ئاغایانەی لای دۆلی جەنە
چۆن بوکن ئەوی بوون بە چەتە

مالومندالیان لە دێری دانا
دێری دێکە لەوبەر چۆمانا

بالەوەش بلێن لە بیرمان نەچێ
بۆچی ئاغاکان رۆیین لە جەمێ

لە پێش دا گوتمان چۆن ژیاون ئاغا
ئاغاهەمیشە بەرزە دەماغا

تەقسیمی زەوی دەستی پێ کردبوو
رژیمی ئاغا سەراوژێر دەبوو

نەیان دەتوانی لەوێ دانیشن
وەکو جوتیاران ، زەحمەت بکێشن

نەشیان دەتوانی هەر وەکو جاران
زوڵم بێنە پێش بەسەر جوتیاران

بۆ تەمبێ کردنی خەڵکی بێچارە
لە گوندی جەنێ ببون ئاوارە

هەتا لەوێوە جوتیاران بخۆن
بینە وە ئاغا وەکو دەوری کۆن

ئاغای هەموجێ بەو هیوایەبون
خەریکی حەللی ئەو سەودایەبوون

بەو جۆرە ئاغای جیهێ رویشتن
لەکسەری ئاغا چاویان لێ کردن

ئاغای شەمۆڵە و ئاغای دەشتە تاڵ
ئاغای سیاومە ببونە گڕاڵ

هەمویان لەوێ کۆببونەوە
بۆئەوەی ئاغا زێندوببنەوە

بیژ رلو و روت لە کوردوستانا
ملوەیێ ئاوا دەوریان ئەگێڕا

خەڵکی بێچارەی ئەم کوردوستانە
ئەوەڵی هەیە هەرلە زیندانە

ئەو لاش ژاندارم چوە خێی ئاغاکان
زوڵمی ژاندارم سەدشوکر بەوان

دوازەنی جوتێر ئەوەڵ یەکێ بو
لەگەڵ ژاندارم ئێستابون بەدو

دوێنێ خوێنەکەی دەمژی ئاغا
ئێستا بۆ مەرگت گورگە ڕاو دەکا

وتمان ئاغاکان خەریکی ئەوەن
هەروەکو جاران ئاغایی بکەن

ئیدی لە هەروێ بنکەیان دانا
ڕۆژی ئاغایە و ڕۆژی سەگانە

ملم ئاغای ئەوێ سیفەتی وابو
لە تەبیعەتا مەیمون ئەسابو

وەکو باس دەکەن پیرانی قەدیم
لێی دەگێڕنە وەبە عەقڵی سەلیم

چەند ژنی بوە جەنابی ئاغا
یەنی نەرە عیمەت ئەویدی ئاغا

ئەوەی ڕەحیمەتی کە منداڵی با
لەبەینی دەمبرد بەهەرجۆرێ با

پێی عەیب و عاربو ئەو لەم ڕەعیەتە
منداڵی بێ بڵێن ئیخواتە

تابڵێن ئەویش شێوە ئاغایە
تابڵێن خۆشی لە ڕەعیەت نایە

کوڕێکی هەبو لی پێنج شەش ساڵە
هیوای دایکی بو لەسەر ئەو ماڵە

چونکە ساڵانیش جەرگی سوتابو
لەتاو کوڕەکەی هۆشی نەمابو

هیوایی بەو کوڕە هەتاسەرلەبو
لەبەینی دەمیاڵاغای ترش ڕو

هەروەکو دوژمن چاویی لێ دەکرد
بەچاوی غەیان تەماشایی دەکرد

باوکی هەر وەها لە هەوڵ دابو
کوڕی بکوژێ ئاواتزوبە زو

ئەیوت نەبەشکو کوڕ لە ئەوژنە
پێی بگالیتر بۆمن دوژمنە

کوڕی ئەوژنە بێتو گەورەبێ
لەسڵێو ڕەسەنی ئێمە دەگۆڕێ

تانەوتەشەر و لۆمەش لەوێ بێ
دەبێ بیکوژم نابێ هەربێ

ڕۆژێ کوڕەکەی دەچێتە حەوزێ
بابۆڵە نانی پێ دەمێ لە وێ

باوکی بێ ڕوحم بە هەڵی زانی
وەدواوی کەوت لە حەوزو کانی

کوڕ ئەگەر زانی کەوا دەیکوژێ
بەئوکی خەنجەر خوێنی دەڕێژێ

ووتی بابە گیان لێم گەڕێ جارێ
ئەمن مەکوژە هەتا ئێوارێ

ئوخوا بابە گیان ئاخر لەسەر چی
بێ خەتاو تاوان ئەمن دەکوژی

لەسەرچی بۆ چی خەتام کردوە ؟
بوچیم دەکوژی ، ئاوابە وزووە؟

دەیوت بابەگیان جارێ لێم گەڕێ
بابا بۆ ئەکەم بخۆم هەرنەمێ

گوتی بابەگیان زۆرم برسیە
بۆ وام لێدەکەی بۆ ڕوحمت نیە

پەردەی ڕەشی پیس دڵێ داگرتبو
بۆیە بۆ کوڕە هیچ ڕوحمی نەبو

ئەی هێشت کەیخوا بابۆڵەیپەنیر
کوڕەکەی خنکاند هەربەمێ ئەلسیر

خولاصەی کە لام مام دەرۆیشانا
ئابەو جۆرە بون هەموبان ئاغا

ڕەسمی مام ڕووتەڵ وەحشی ئاسابو
دایم سەدکەسی لە خزمەت دابو

لەبۆ چەلەپی ولە بۆ نۆکەری
بۆهەموکارێک ئەچوونە دەوری

لە لایەن ئاغای گەورک و سەرا
مام ڕووتەڵ خزمەت دەکرا

هەرکەسێ ئاوا موخلیفیان بان
وەجوڵابایەن سەرکوب دەکران

ئاغالە ئێراق ، ئاغا لە ئیران
مام ڕووتەڵ بپۆسەرۆکیان

لە هەموو لاوە خزمەتیان ئەکرد
بۆیە کاک ڕووتەڵ چەتەیی ئەکرد

مەخسوسەن ئاغای مەنیقەی بانە
خزمەتیان ئەکرد هەموی ئەوانە

دنیایی کردبو شەوەزەنگی تار
ئاغالە خەڵکی ببو نە ڕەحل مار

خەڵکی بێ چارە و داماوولەتاپیر
هەموببونە غولام و گزیر

هیچ کەسی نەبو لەم کوردستانە
دژی ئاغاکان بگرێ بەهانە

چونکە ئەوکارە گەلی گران بو
بۆخەڵکی هەژار دیاری نەکرا بو

کەس نەدیدە وێرا لەڕووی ئاغاکان
بڵێ دۆچەندە دەکرایە تاڵان

بەچلەی زستان دەکەوتە سارا
ماڵ و منداڵ لەسەرد لەبرسا

لەمەبو ڕیشەی زوڵم و زۆر داری
کەلێی شین ئەبو داری هەژاری

جابرانەران، ئەی کوێ گری نە
ئەم قسەراستەکەلێ شیرینە

زوڵم پایەکەی لەپیسەوەدێ
بۆیە ئاوا زور لەبەین لەچێ

بەبێ دەمێنێ بەسەر دارەوە
دەناپاکەی والە خوارەوە

هەرکەسێ کەوا زوڵم پیشەبێ
هەرگیز مەرامی بۆ ناپەلەچێ

ئەو زوڵمەی ئەوان لەخەڵکی دەکەن
بۆتەباعیسی خەرابی وەتەن

وەتەن وێران بو بە دەستی ئەوان
ڕیشە و بنا خەی ژینیان ، ڕمان

ئەسەدەسڵی کەش هەر وەزا
ئابڕێتە وە، ئی زۆر داریە

لە هەموولاوە زۆر دار هەمیشە
جەرگی هەژاری بڕی لە ڕیشە

حەتتا نەیدە هێشت کەسێ بخوێنێ
نەیدە هێشت هەر گیزبەرەبسێنێ

لەبەر فەقیری و لەبەر کەم دەستی
بۆیە دەبینی ئاوایە سستی

نەیدە هێشت رەعیەت خانولۆچەکا
دەبوت رەعیەم لێ کەسر دەکا

خانو هەر دەبو ئاغا دروستی کا
کەس نەیدەوێرا خانو دروست کا

بەویستی خۆیان چەند خانو ئاغا
دروستی دەکرد وەک تەویلەکا

دەگێرێتەوە یەکێ دەر کراو
کە خانوی ئاغای بۆ کرابوتەوەو

کە چوبتە ئەوێ مام کەریم ئاغا
خانوێکی داپێ کەیەک لوتاغا

خانو چ خانو خانوی رەعیەتان
دیوار تەنرا بو بەخشولی ئەیمان

بەربخی ئەمریان سواخ کرابو
وەک ماتکاشەیەق سەدکولی تیابو

باوەطێک دوکەڵ لێی دەهاتە دەر
لێی دیاربو نیشانەی سەقەر

لە جیات چەنجەر کولانکەی سەربان
روناکی دەکرێ زوری دیوەخان

ئاغا نەیدەهێشت کەس هەبێ لیباس
بکڕێ لەبەر کڵت شەڵوار و کراس

ئیحترام بۆ سەگ زۆر قایل دەبون
بەڵام بۆ رەعیەت هەر پیسترده بون

بەگورگی بڵێم مەنتیقەی باڵە
جەنابی « حێ خێ» شێخە کەبانە

تەبیعەت مەلازۆر لەدین دایە
سەنحەب سیواکە و پیلاوی خودایە

لەدەوری خوێدا لەوپیاوەباشە
لەدینی ئیسلام کردبوی حاشە

باوەر ناکاپێی کەسێکی زیرە
هێلی خوار لە بن سەری گای پیرە

جەنابی « حێ ، خێ» لە گوندی «م» دە
بە تالیەدەی خوایی پیاوێکی وردە

لەژێر سێبەری قورئان و حەدیس
کاری وادەکەت جاچە ئیبلیس

وشکە مەلاکان تەوسیفی دەکەن
پێ بەخێڵ بازی لەو خەڵە نابەن

نازانن گورگەلەپێستی مەر دا
رەقیبێ کێیە لە کاتی شەردا

کەشوان دیار نیە دەبان خنکێنی
بۆگورگی کێویش سەر دەلە قێنی

جەنابی «حێ خێ» ئاوابینە
لەژێر سێبەری مەزهەب و دینە

ناوی خۆی ناوە حەبیبی دەوران
گۆیا عەبدێکە لەژێکی قورئان

بەپێچەوانە برام وانیە
پیاوێکی ئاوا مەزهەبی نیە

پیاوی مەزهەبی دورە لە گونالە
دورە لە کیبر و لە کاری ریاە

ناوی زل بۆخۆی هەڵنابژێری
بۆئەسەی ئەم و ئەو گوێ ڕائەدێری

ناچی بۆسەری مەجلس دانیشێ
هەربەدەستی خۆیی رەنجی دەکێشێ

نابینە سەر بار بۆ زوڵم و زۆری
ناکا خوێن مژی ، ناکا خوێن خۆری

ئینسان بۆ گونالە ئەوەندەی بەسە
پیاوی خۆ پێ زل پەستترین کەسە

جەنابی « ح ، غ» لە گوندی «ن،س،ن»
شەبیهی ئەوە ئەی برای شیرین

باسی «ح، د، ر» هەرگیز نابڕێ
بەیەکی وەک من تەفسیرنادرێ

بچوە ئاغاکان هەموەجێ خۆی
«ح، د،ر» مەزن حەسابەبۆخۆی

هەرچی پیکۆتالسەی ڕە وابو
قسەی « خ، د، ر» بەڕێوە دەچو

کەربەکەیفی خۆی هەر لەسەر جۆبێ
عەجایب نیە دنیاکەر بێ

وەکونەڕە شێر دەس دەکا بەزەڕ
بەدەنگی ئەوی دنیا دەبێ کەڕ

دنیا پڕ بو لە درۆ و دەلەسە
بەرز بونەوە هەرچی ناکەسە

لەباسی ئاغاو باسی مل زلی
تێدا دەخنکان هەتاکو ملی

نەت دەبیست باسی فەقیری بکەن
ئەو وەختە وێران کرابو وەتەن

بەدەستی ئاغا و وشکە مەلاکان
وێران کرابو نیشتمانی جوان

ڕۆژ ڕۆژی ئاغا و کۆلکە مەلابو
زۆر باشیان دەخوارد ساڵانی پێشو

ئاغا کان بەپێی سیاسەتی خۆیان
دەچون چەند کۆلکە مەلایان دێنان

ئەوانیش لەبەر بەرات و پارە
ئایەتی خوایان بەلزێرێ دەدا

دەیان شاردەوە ئەو ئایەتانە
دژی زۆرداری ودژە زاڵمانە

لەباتی خەڵکی تێ بگەیێنن
رایان بەرێنن بەدژی دوژمن

ئەیان وت قورئان مەعنا ناکرێ
کەسێ مەعنای کاچاوی کوێردەبێ

حەتتا لە مانای سورەی فاتیحا
خۆیان ئەپاراست ئەیان کرد بەلا

ایاک نعبد» برام وادەڵێ
سەربۆ خوا دانخە و هیچی ترمەڵێ

یانی لە هیچ کەس ئەتۆ مەترسە
فەقەت بۆ خوا سەرت دابخە

هەر خودا لایق بە پەرەستنە
هەر خوا خێرو شەری لە کنە

خێرو شەر برام، هەربۆ خودایە
بەهێچە وانە ، نەک بە ئاغایە

ئاغا کانی کۆن وەکو بت وابون
وشکە مەلاکان ، بەرزیان کردبون

هەر مەلا دەبێ کاری وابکا
کەئاغای هەبێ سوجدەی بۆبا

بۆ ئەبو جەهل هەر ئاغا ئەبو
لە پێغەمبەری بو بە عەدو

لەبەر پیاسەت ، رەگەز پەرستی
لەبەر دەمارو هەوەسی پەستی

بوو بە تەعەسوب بۆ دینی ئیسلام
بووە دوژمنی رەسوڵی ئەنام

چونکە ئەودینەی کەئەو هێنابوی
بەرگری دەکرد لەرەفتار و خوی

خوو رەوشتی وان ئاغایەتی بو
لەگەڵ موحەممەد دژایەتی

چۆن دینی ئیسلام دینی خودایە
خۆئاغا خۆشیان لە خودا ئایە

مام ئەبوجەهل یا ئەبولەهەب
ئاغای مەککە بون هەردو لەمەسەب

خودا ئایەتی ناردە سەر زەوی
فەرموی ئەوانە قەت ئەمین نەبی

خوا بە ئەمری خوای دوعای لێ کردن
لە دنیای روناکەبەینی بردن

بە « تبت یدا ابی لهب»
بالی دو دەستی بالە بەین چن

دورنیە یەکیان ئەبو جەهل بێ
ئەوەی دیکە یان ئەبو لەهەب بێ

چۆن ئەوان سەرەی دونیایەبون
دژی موحەممەد یەک گرتو بون

زۆری پێ نەچو هەر دوی ئەوانە
بون بە عیبرەتی چەرخی زەمانە

باسی خەرابی هەر نابڕێتەوە
هەتا هەتایێ دەگوترێتەوە

ڕیشەو ڕەگەزی جینایەتیەکان
لەوێ وەماتون هەتاکو ئەلان

بەکورتی بڵێین پێشەکی ئاغا
لەطاری مەککە ڕەگەی داکوتا

چونکە بە عزێکیان هەر مابونەوە
جابەدنیا دا بڵا و بونەوە

من هەر بەهیوام ڕیشە بڕ کرێن
لە هەمو جێگاو لە هەمو شوێن

من هیوا دارم ناویان نەمێنێ
بەگ و خانەکان لە هیچ شوێنێ

نوصیم بەشیعر ناوی هەندێکیان
بەپشتیوانی خواوەندی یەزدان

با پێشت بڵێم ئەی کاکی وریا
هێنامە دەرێ قەترە لە دەریا

هەرکەس بە پێی خۆی بینوسێتەوە
هەتاکو دنیا دەبڕێتەوە

هەرئەوەنو نابێ ئێستا هەر کەمە
چونکە لە ئەقلی بەشەر دا خەمە

ڕێبەندانی /١٣٦٦

« نامیلکەی دووەم»

ئەم نامەیە دەنووسم   بەنێوی خودای گەورە
بە خوێنی هەژارەکان   ئاغا سمێلی چەورە

ئاغاکەملی پانە   خوێنی من و تۆی مژی
هەروەکە لە سەرمانە   ڕابوەستین بە دژی

بەدەستی ڕەنجی من و تۆ   شان و باهۆی قەوی بوو
بەفێڵ و بەمل هوڕی   حاکمی سەر زەوی

ئەی سەربەپیاوی خائین   ئەی زاڵمی هەمیشە
ئەی کازیبی دژی دین   ئەی خانی شەرمەپیشە

ئەی حامیلی فەسادی   شایانی بەدنژادی
ئەی سەر شۆڕی زەمانە   دوژمنی باسەوادی

ئەی تەمبەڵانی سەربار   ئەی دوژمنی کرێکار
ئەی هەژدیهای خوێن خۆر   ئەی سەرزەلامی بەد کار

ئەی نامرۆڤی بەدحەڵ   ئەی خانی پیس و دەغەڵ
ئەی فیتنە گێڕی ئەمڕۆ   سەرۆکی گورگ ، چەقەڵ

ئەما دەوری ئەغامی   ڕۆژی تۆ لە بە ئەمڕۆ
بەر هەڵستی ئەزالی   ئەمڕۆ خوارەیە بۆ تۆ

ئاغا سمێڵی پانت   سوتەمەنی بڕوتە
سەرودیشی زەلامت   دزێوە مەلکە موتە

ڕێ ڕەوی ئاو و هەڵدێر   زەوتی ڕۆشنایی
نامووسڵمانی بێخێر   هەوێنی ناتەبایی

ئەی لارو چەوتو بەڵت   بۆگەل وەکو گیا کەڵە
یا خوانلوت بشەوتی   لەسەر ئەم خاک و گڵە

دوژمنی دین و دنیاو   موسڵمانی وڵاتی
زوحاکی گیانی خەڵکی   ئێستا چلۆنە ماتی

دارەبەستی قەتارە   بەعام لە کوردەوارە
ڕەسمی قەدیمتانە   ئەی حاکمانی دار قەدیمیتانە

ئەی ڕۆسیاهی دەوران   ئەی شەرمەساری جاری
ئەی دوژمنی عەدالەت   خائینی کوردەواری

تۆبووی بە باری مەینەت   بۆ چینی جوتیاران
تۆبووی جیهانت شێواند   ئەی دوژمنی هەژاران

جیهان ژێردەستی تۆبو   خەڵکت بەکەمدەزانی
لورەو ترسن و گرژی   دیارە خۆت نەزانی

قاتلی کەرو کاجوت   دژی لاو و منداڵان
لەموال و ماڵی خەڵکە   بردوتانە بە تاڵان

سەروکی جەردەکانی   ڕەقیبی نیشتمانی
خۆپەرستەندو غەلیزی   لە تۆوە هاپە خانی

خان تەویلەی وڵاتە   لەطاری سابڵاغە
هەزار دیناری دێنێ   بۆپیاوی کەرو ئاغا

بە چی شانازی دەکەی   ئەسپی ڕەهبازی دەکەی
ئەمن چیم ولەتۆچی   بۆیە من بازی دەکەی

ئەگەر عەبدین هەمومان — جەوالین یا نە نوقسان
چیە فەرقی من و تۆ — بابێت بڵێم کوڕی خان

تەعلیمی بۆیە وتڵی — خەرابەی بەجێ دێڵی
ڕۆژی خۆبەش دەزانی — گوڵی باوەکو دێڵی

لە گەل حاکمی ڕۆژێ — خەرابەی هەڵ دەڕێژێ
شەیتانی سەرزەمینی — دژی دین و نوێژی

چۆن با بە خانەکەمی — زیندوی قورئانەکەمی
لەبەرچەرابی گلارت — جەولداری عەجەمی

ئەی خالیبانی دەوری — ئەی فەسادی سەرزەوی
دورن لە دین و ئیمان — مفتەخۆری مل قەوی

لانەی خەتاو نەگبەتی — پێش ڕەوی نەدامەتی
دوژمنی ژین و گەلی — سەگی پاس و بابەتی

تێ دەکۆشی بۆ ستەم — بوی بە سەرباری لەدەم
لە داخی زوڵمی تۆیە — پەنادەبەم بۆ قەڵەم

دیارە دەڕوین ڕەشی — لەشکرمان بۆ دەکێشی
خۆت بە ئاغا دەزانی — دەبێ تاڵی بنۆشی

بابەداخ بتلێتەوە — لەبیرمان ناچێتەوە
ناهێڵین تازەلاوان — ڕۆژی ئاغا بێتەوە

دەس بە یەک و دو بکا — خەرابە زیندو وەکا
ئاغا ڕێگای نادرێ — بیری ڕێ بەرو وەکا

بەدزی و بە پیلاو کوژی — خوێنی خەڵکی هەڵ مژی
ئێستا خەڵک حازرە — ڕابوەستن بە دژی

باوی ئێوە نە ماوە   ریاسەت هاتە گۆڕێ
هەرچی ڕەفتاری بەدیێ   بۆ ئاخری هەر دە دۆڕێ

ئەصلەحوری ئەغامی   فڕێیدەن سفتە خۆری
ئاغا یەتی بەسەر چو   برایەوە دەوری زۆری

گیسکە کوڵە ، مەڕمیۆر   کووڕە شاخ پان ، بزنە مۆر
نەماوە جاری جاران   کە لێت دەستاندم بەزۆر

سالی چەن تەغار گەنم   بۆمەرینکی ئاغا بەرم
زوڵم و زۆری هەتا کەی   لەخودا ناکەی شەرم

داهاتی سەڵم چیە   بۆچی ئینسافت نیە
ئاغا سپڵە و نەزانە   هەروەکو داری بیە

چت دابو مێ زەویەڕوت   لەسەری بۆ مە نابوت
ڕقی خۆت پێ دەرپەڕام   لەسەرساڵانی پێشوت

یا خوا سەردەمێکێ چو   لەستۆت هەڵوەبرم لەستۆ
نامێنێ ئاغایە تی   دانیشە دەستە و ئەژنۆ

میرایەتی بەسەر چو   پاکی زێڕو زەبەر بو
هەموتان باش بزانن   لەمازەمانی پێشو

ئەوەی ئەیدەپەرەستن   بۆ کێرەداو دەبەستن
لەژێر فشار و دەنا   ئەوەی کەئەیدە ویستن

لە مەجلیسا هیچ کەسێ   ئەتان دەکرد بە هاوسێ
جگە لە خۆد لە نوکەر   دەبو زمانی نەبێ

خەڵک لەباری مەلی   ئەبو زیان و حەلی
یادەبو نۆکەری کا   یادانیشێ بە خالی

نەیدەوێرا قسەکا
لەبەر نۆکەر و ئاغا
دەبودانیشێ لە ماڵێ
وەک مریشک هێلکەکا

زمانی بە سترابو
لەزیندانێ کرابو
لەسەر ئەم خاک و هەردە
روناکایی نەمابو

رەحیمەت دەڵێ بە ئاغا
لەوسالێ مۆڵەتم بدا *
زستان نزیک بۆتەوە
تابەهار دەرم نەکا

پێچوە شێرلە بیشەڵان
لەجێگای قامیشەڵان
لەبرسان هێزی نەبو
بێت لە بۆ جەرگەی مەیدان

دەبی جلیان نوێ نەبێ
پۆشاکی هەر کۆنەبێ
کاڵەک لەبلخەلی خا
نابێ تێیدابەند بێ

دەبێ پینەکاکەوشی
لەمەیە بارو بەشی
جێوو ڕێگای ئادەمێ
زنی نەرێسی کەشی

لە بۆ رانک و چوغەی من
دەبێ شەوبلن نەخەون
لەگەر لسەم بشکێنن
لێتان دەبم بە دوژمن

سڵێ گەنم بە خەروار
جۆلەم دەوێ بە تەغار
تفاقی گاو و گوێلکان
دەبێ بۆم بێنن بە بار

مریشک و قەل و قاز
طەمەک و مەری قاچ بازو
لەگەر پاییز تەواو بو
دەبێ بۆم بێنن هەمو

مەعشەمان بۆ خۆی دیارە
بە حیساب چەند هەزارە
دوانەکەرێ مەشقەتان
لەگەڵ باج و بیکارە

هەرئاغابو هەڵ دەهات   سەرشكاو ڕوح دەردەهات
دەچوونە قەڵاكەیان   لات و كەوت و كزومات

منداڵ لە سەر بانەكان   بەربوونە بەردەباران
بەردیان بۆ دەباری   وەكو تەرزەی بەهاران

سەروكوێلاكیان شكا   تێیان كەوتن بە تێڵا
هەتاژوری ماڵی خان   گشت هەڵاتن بە تێكڕا

بەر بوونە ماشێنەكان   شوشەكانیان گشتی شكان
دەس بەبەرد و لیسەوە   چونەدەوری ماڵی خان

هەرجەحێڵ بو دەیگوران   نەعرەتەی شێرە ژڵان
دەنگی لەداوە زەوی   چوبڕاچەرخی ئاسمان

بەڵێ بەگ و خانەكان   لە دیوەخانی خزان
هەتاكوسێ ڕۆژالەوێ   نەهاتنە دەرێ ئەوان

دالیشە شەرحی بكە   كە مێ فكری لێوەكە
هەشتانەلەر ، لەیەك ماڵ   دەبی چەندە گوێكا

گشت دارو دیواركەی   ئەو دیوی حەسارەكەی
بەگو سواغ درابو   ئەگەر بڕوام پێ دەكەی

سێ شەوو ڕۆژی تەواو   حەتتا نەچوونە سەراو
هەتا هەتا بمێنێ   لەوەڵات بیدەن لەقاو

بەشی سێهەم

ڕۆڵەكانی نیشتمان   بولبولانی كوردوستان
سەدئافەرین بۆتێوە   دەرسێكی باش و دادان

پڕ لەشادی و ئەوین بو   ئاواتێکی دێرین بو
ئافەرین ئەی دەست و خۆشان   باخی گوڵاو وشین بو

پسا ڕیشەی ئازادی   ئاواتە کەو هاتەدی
ئافەرین سەد ئافەرین   بمێنن هەربە شادی

بڵندبن ماڵانی ئێوە   لەسەر پەلانی ئێوە
هەربەئازادی بژین   سەد ئافەرین بۆ ئێوە

باخەکان کوێستانەکان   شاهیدیان دا بۆ ئەوان
مەدحی ئازادیی و دەکەن   چۆڵەکەی سەربانەکان

ژیانیان هەر مردنە   ئەوەی بە خوێنی دەژین
بێ وەجاخ و بی دەماخ   لە دنیا دا بێ بەرین

مردوون ئەوکەسانی   تەسلیی گومڕا دەبن
ئەغامن لەو وڵاتە   مێ بەشین حاشا بەرین

بێ دیانەتن ئەوانەی   سەربۆ زوڵم دائەخەن
زۆڵن ، ماددی پەرستن   ڕۆڵەکەی ئەم خاکە نین

پاکیتالزمان کە نوسیوت   نیشتمانت خۆش دەوێ
بڵێ بەو خائینانە   بەزۆری سەرناکەوی

خواپەرستن فاسیدن   ئەوتەغلامانە هەمو
مەیلی پەستی وڵاتن   ئاغا و نوکەر دوبەدو

ئەی ئاغاکانی جیهان   ئەی ڕەقیب و ئەی دەغەڵ
سەرناکەون هەتاکەی   ڕیاکان و بەدەڵ

دواڵەکەوێ پێی نەچێ ‌‌ ‌ ئەوشۆ لەبیرو نەچێ
دەستور بە ئێوە ئەدرێ ‌ ‌ ‌ دەبێ بیکەن جێ بە جێ

دەبێ کچە کە و کەڵە ‌ ‌ ‌ کەلاوەچاڵ دەسڵە
ئەگەر بێتونەم دەمێ ‌ ‌ ‌ لێرە بونتان مەحڵە

ئەگەر دەمێرم سەرجەم ‌ ‌ ‌ بۆ ئاغاکانی دەورەم
لە هیچ جێ ڕاوناکرم ‌ ‌ ‌ دەستوریان وابێ ئەدەم

بەلێ ساڵانی پێشو ‌ ‌ ‌ ڕەعیەت لەبەو جۆرەبو
ئازە ئەگبیر چی بکا ‌ ‌ ‌ بەدەمندوکێ پێوەبو

ئەڵێن ئازە ئەماون ‌ ‌ ‌ پەندی ڕۆژگار کراون
بۆتۆ هەر لەکەمین دان ‌ ‌ ‌ دایم خەریکی ڕاون

ئیرەی ئاغا زۆر کەرن ‌ ‌ ‌ کەڵلە و شک و سەرسەرن
خۆزە مانیان ئەماوە ‌ ‌ ‌ لەویجدانیان بەدەرن

ئەدبێش چونە دەرێ ‌ ‌ ‌ خوسڵزدەکەن بۆلەمەرێ
باسی خەرابی ئاغا ‌ ‌ ‌ بە هیچ کەسێ ناکرێ

دەیان هەوێ مل بە مل ‌ ‌ ‌ بەبەردی زل بدەن تل
بەمل هوری بە لەشکر ‌ ‌ ‌ وڵات بکەن بە کاول

«بەشی دوەم»

نجنێ خوارو

ئەو ڕۆژانە بەدەختەر ‌ ‌ ‌ کۆبۆوە هەشتا نەفەر
لەمەنتیقەی بالەوە ‌ ‌ ‌ کەلوێ و گەورک و پژدەر

دێیەک بە نێوی جمنێ ‌ ‌ ‌ حازر بون کە بچنەوێ
دەیان هەویست وابکەن ‌ ‌ ‌ هەرچی کە بۆیان بکرێ

ئەمما خەڵكی ئەودێنە   كاریان زۆر بەرێ و جێیە
پیاو ئاقڵ و دانای وێ   بەكجار زیرەكی لێیە

بۆدیفاع لە ناموسیان   بۆبونی چارە نوسیان
دیفاع لە دین و ویژدان   دەبێ بڕۆنە مەیدان

بەڵام بەكجار بەوردی   بەپیاوانە و بە مەردی
خۆیان ئامادە كردبو   لە بۆشەڕونەبەردی

وتیان ئاوكوڵ بێنن   وەكوشێرینە ڕێنن
بەردەبارانیان بكەن   شەڵاویان بۆ بێنن

بە تێكڕا ژن و مندالْ   پیاو و كیژی چاردە ساڵ
ڕابوەستن لە بەرماڵ   شەڵاویان بۆ بهێنن

دەس پێكرابە شەڕێ   كە ئاغا خۆی ڕاگرێ
كەدەور لێی نەگیرێ   بتوانێ خۆی دەربەرێ

خۆڕاگرێ بۆ جوتێر   ڕۆڵەی بە جەرگ و دلێر
هەرگیز خۆی بۆ ناگرێ   ئاشانی چەپەڵ و بێ خێر

ژن ، كەل و مندڵەكان   جەوانەتیژ بڵەكان
ڕژانە كۆڵانەكان   بۆكوتانی خانەكان

دەكوترا بگرە بەردە   ئاویان كرا بەسەردە
بەطی ئەوكارە دایە   ئەوی ئینسانە مەردە

ئاوی گەرم یا تیژاو   كرایە سەریان كەواو
كران بە بوكە باران   كران بە پەند و بەباو

تازە ڕۆژی سەوادە نەزانی مان وەلادە
زەمانی زانیاریە خەڵک دڵی گوشادە

ئەکەی سەربلەتێنی قوڕت لەکەم بە شەلێ
دەوری سەوادو عیلم موعەلیمە یافە قێ

ئەوەی کە بۆی دەگەڕێن دەمی لەقەبری بنێن
باشترێت ھەی دەمێ لەسەرفکر یکی بە جۆن

گورانی جوتیاری زیر بە ئەقڵ و بیرو تەدبیر
خوێندەوارو زیرەکن تازەمانن بە گزیر

لەمڕۆ ڕۆژی خوێندنە ئەوەک ڕۆژی نوستنە
ھەستن لە خەو ڕاپەڕن دوژمن جەرگی کون کونە

چونکە تیری زانیاری لەدوژمن بۆتە کاری
تازەڕۆژی شادیە ئەما باوی ھەژاری

وا ڕۆژی زانیاریە ڕۆژی گەمە وباریە
ڕۆژی بلغاتە ئەمڕۆ ڕۆژی کوتەک کاریە

ڕۆژی بلغاتە ئەمڕۆ کەپڕوسباتە ئەمڕۆ
دنیاوە کوبە ھەشتە وەختی تلوانە ئەمڕۆ

ئەوانەی بت پەرەستن بۆ ئاغا گوێ لەمستن
ڕۆژی وان نیە ئێستا سەردانە یا ویەستن

ڕۆژی ئێیە ئەی دلێر ئەی جوتیاری وەکوشێر
وەرسەبەرانی ئێستا ئاغا بوو سەرەو ژێر

دەستان خۆش بێ ئافەرین فریشتانی ڕوی زەمین
ئاوەکان شێرەژنان ئەی پیرەکانی بەدین

جێ سپاسی وەڵاتن   بەدەست و دەسەڵاتن
پێشەوای گشتی خەڵکن   ڕێ خۆشکەری خەباتن

خەبات دژی مل هوڕی   فەسادییو سیخوڕی
خەبات بۆ زانیاری   دژبە زوڵمی خوێڕی

کوردە وەرە هەڵپەڕە   ڕۆژی بەزم و شادییە
دەس لەدەستی یەک هەمو   بۆ موبارەک بادییە

لەی ڕە فیقان جەژنەوا   هەڵمەزینی بادەیە
دەستە دەستەی لاوەکان   گۆڕچە بە گزادەیە

سەدشوکر بۆ تو خودا   واشکان بە گزادەکان
لەو وڵاتە هەر نەمێنن   بابڕوون بۆ قەلەرەکان

زیندانی /١٣٦٧/هەتاوی

زاڵم (١)

گروی بێ چارەیی بێنان لەدەس زاڵم ئەتلێنێ
موحەممەد خاوەنی قورئان کە ئاپاکان دەبو غزێنێ
فارو قەللەعەزەمی دەوران وەکو شێر لێی دەگرمێنێ
ئەبو بەکرو عەلیووعوسمان و ئەمی ئەطرینی بۆدێنێ
کەرچی زاڵم وەکو شەیتانیەدولا کینە دەنوێنێ

خوالەم عالەمەی خولقاند کەوا یەکتر بجو بینن
وەکویەک لازمی یەکتر بە هەشتێکی بخولقێنن
لەژێر سایەی کەلامی حق ئەمامی چاکە دابچێنن
ئەوەک ئینسانی بەد کردار بەمەزلومان زەهرەز بێنن
وەکو ماری کلک قرتاو ، لەبۆ تۆڵە دەحەلزێنێ

کەوزاڵم زەوالم زەوڵە بۆ فەقیری روی بێچارە
تەعەددی لێ دەکا بۆیە لەژێرێ دەستی گرفتارە
فەقیر دایم لەژێر کەلی جەرگی بریندارە
لەگەر دەتگیشن بکالفەقیر، دەبینی والەسەر دارە
لە فیکری کاری والایەفقیران هەر بتەوێنێ

لەترسی تۆقەدیم زاڵم . قسەی حەق چو بیولەبادم
بەسیاسەتی تۆ فەنابون . قامیل و خزم و ئازادم
لەگەر ریشەت لەبن بێنم چ سەرخۆش و چ دڵشادم
بۆرشتنی خوێنی پیست دەست بەخەنجەر کەجەلادم
لەبیرم ناچی زوڵمی تۆ، هەستی من هەر دەبزوێنێ

ڕەفێقانم تەماشاکەن، لەبەردەرگاری خودادایە

فەقیری و دەوڵەمەندی خوا، لەحوکمی زاتی ئەودایە

بەیەک « کن و فیکون» دەیکا، کەسەیلی لێ بێ ئاوایە

فەقیردڵخوازی بەهەشتە کەچی زاڵم بەهەوایە

چبیری ئاگەولوی وشەنێکیدا دەڕەخسێنێ

کەمن جوتیار و مەزڵومم لەژێر زوڵمایە فەوتاوم

ئەیە دەستێ دەرم بێنێ لە ناوئەوچاڵە خنکاوم

بەڵەشتەر بیدرێتی با ، بڵاوی کێم و زوخاوم

لەوا خۆشی لەبو بۆ من ، غەریبی بەحری خوێناوم

نیەهیچ کەس لە بۆ پاکی دەماخی بسوتێنێ

هەمیشە میللەتی کوردە لەژێر باری ستەم دایە

بەزۆری ژێر چەپۆکی شا و گزیرو و ڕەب و ئاغایە

هەمودەم بە نەفرینی ، بەخێل و پیاوی گومڕایە

کوت و پڕ تاریکی ئاچو ، تریشکی ڕۆژێ پەیدایە

کەچی ئێستاکەلوازین دابەلاکی تازە دەڕوێنێ

زاڵم (٢)

شەرتە زاڵم بەدەستی خۆم ، موقەددەرگەرنەبێ ئاخر
پەتێکی وەک لەگەردن خەم ، بخنکێ زاڵم ؛ ئەی کافر
کەچییە ئاسمانی تۆ، دەبێ بت هێنم وەک شاتر
وەژێر باری گرانت خەم ، زاڵمی پەس وەکوقاتر
هەتا بژیم و بمێنم ، هەرقاتڵێ زاڵمانم

والە زانە کەمن گێژم ، ئەوە زاڵم مەبەستم بو
شەرتەمزاڵم بت تەزێنم ، کە هەر رۆژێکی دەستم بۆ
کەهاتو من بەیەکجاری لەمەبر یارو قەستم بو
ئیتر نامێنی لەم خاکە کەواهوشیاری هەستم بو
بەدەوری زاڵما شەو بێ بچەرخێم ، تانەڵێی خانم

ئەمن شەربێ هەتا ماوم دەبێ نوسراوی جوانیێ
لەبۆ ئەوتانی خان وەبەک بەک دەمێنیرو کەوانم بێ
کەوا هەستی دەرونی من ئەبێ تیغی زەبانم بێ
بەرهەمی باش و بێ وێنەم دەبێ عەکسی زەمانم بێ
هەتائەوروژە ببینم ، بڵێ بەک منیش کاوانم

لەترسی خان وەبەک جاران ، ئەمن دین و ئیمانم چو
نەتیجە شومی رۆژی وان ، بەرخەمی سەرزمێنم بو
لەترسی شەومەزەنگی وان ، ئەمن خۆشی ژیانم چو
لەمبەر گێژاوی ئاغاکان ، ئەمن روحی رەوانم چو
دژی ئاغالەدەوەستم ، هەتاکودەمردەبێ گیانم

هەتاکو ڕەنجبەرۆ و پاڵەوانی کوێی لەحاڵ دابێ

هەتاکو پیاوەتی و ویژدان لە لیباسی شەرەف دابێ

ئەگەر ئەم عاطفە کشتی لە مەیدانی هەدەف دابێ

کەوالڵا ئەعلەمێ بێ ڕیشەی ئەژێر ئەرزدابێ

پێی دەرێژم هەموکینە ، دەری دێنم بەدەستانم

ئەگەر ئەللاهەئاکابێ لەمن خۆشی ژیانم چی

کەبێتو فەرمان ڕەوابێ لەمن دەردی بانم چی

کەبێتو دەوری ئاغابێ ، لەمن باخی گوڵانم چی

کە خەڵکێش هەر لەخەودابێ لەمن خۆشی ژیانم چی

لەداغ و مەینەتی ئاغا ، من وەکو مەستی گێوانم

نە مردنە بۆمن کەمن حوبی ئەوانم بێ

کەهەتاو هاتەوە دوژمن کەمن وێرای زەمانم بێ

پاکی ئەماوم لەمن ، کەئالەمی وا دەوانم بێ

قسەی حەق لەسەری خودایە واجب بو لەسەرشانم

٢٠/ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی

چوارینەکان

پارچەهەڵبەستی

ناڵەی ئاوارە

هوی خەڵکە حەسەحەستەبەیانە
واسەعەت چوارە، کاتی مەیانە
قەرەی قالبدار لەمەیدانی وەستا
وەک قیامەتی ئاخر زەمانە

ناسەهەڵناستم لە کۆشم بەوە
لەستێرەدیارن ، ئێستا هەرشەوە
قیرەی قالبدار بە تون ، بەمن چی
کاتی پشودان ، هەنگاوی خەوە

نەڵەی قالب دێ خەوم بۆناگرێ
هەڵدەستم بڕۆم سەرم خۆناگرێ
چاوم خەودان ، لەبۆم هەڵنایەن
خەو زۆر زاڵمە دەست هەڵنا گرێ

خەو حەرام بکە هەستە مەخەوە
ژن لێ دەکۆشن ئۆمەڵێ شەوە
ژن و پیاو کۆ ئیکرا کار دەکەن
خۆلەتۆ پیاوی، بیرێکە وە

کاتی قوتابی ، گوێ بگرە وەرە
کاتی پشودان نییە، کاتی فەنەرە
مەلێ پێنج شەمۆ، حەسالەوەیە
دەخیلم نەڵێی وا دەردی سەرە

منداڵە کاڵی بەرێزم وەرن
لەژیانی مندا وەک تاجی سەرن
بێ ئیش و بێ کار قەت دامەنیشن
بەکار و ئیشە زۆر بەختە وەرن

هۆکاکی قوڕساز ، قوڕت دەربێنە
خۆت ئامادەبکە ، وا رامەمێنە
قوڕ حازربکە هیچ ڕانەوەستە
شەمسۆهاتە وە ، زۆر دڵ تەزێنە

قاڵبدار هەموو حەسا و نەنووت
پێیان ڕاناگەی ، تۆ وەخۆکەوە
سەیری کەمەیدان ، دەڵێی بەهەشتە
بە قوڕتێ کردن ڕازاوەتەوە

سەیری کە ڕیزی قاڵبداری جوان
وادێن وەدەچن کوڕان و کچان
لەوانەتێکڕا دەیکەن بەهەرا
بە موسابیقە دە ڕۆن هەموویان

سڵاوت لێ بێ لەی بێڵی قوڕێ
قوڕساز بەدەمی تیژت دەخورێ
بەگیان و بە دڵ ڕێزت لێدەگرم
زگی قوڕوگڵ بەتۆ دە درێ

سوێندم بە کڵکی زۆر شوش و چاکت
سوێندم بەدەمی تیژو چالاکت
سوێندم بە سەرت بێڵی بەرێزم
لەتاریخی تۆمن نابم ساکت

هەزاران دۆستی بێ وەفا دێنی
هەمیشەبۆمن تۆخەم ڕەوێنی
دوژمنی خان و بەگ و مفتەخۆری
بۆ ڕۆژی زیانم ئەمپا هەوێنی

پورە گوڵندام پابرۆینە مەیدان
پاچپیلە ڕەزی کوڕان و کچان
لاتکە لە کۆڵ لێ قالب هەڵگرە
لە کورە خانە ئاودێری زۆر جوان

باجی گوڵ ئەندامم وەگێڕە پاسێ
لەبارەی بیور، تەوراس و داسێ
بۆچیکورد ئەبێ لە کورەخانەبێ
لەڕێی ژیانا خۆشی ئەنا سێ

هۆی باجی پەری «خستەنباشی»
وادیارە ئێستاکۆ کەلێ ئاشی
چوار قالبی هەڵگرە ، سوکترە بۆ تۆ
تاعلەحەت بکەی پێش‌دا بەباشی

کاکی کورەچی بۆوا خاموشی
پێم وایە ئەمڕۆ کەلێ نەخۆشی
پێم وایە زگ و پشتت ژان‌ئەکا
ئلوا دلماوو کزو پەرۆشی

تۆ ئاریکەری بەش و دەستوری
زۆر زۆرکار دەکەی چالاک و قۆزی
بۆسەرت لە بۆرناوە وەک ئەسیر
دەڵەی چاوت پڕبوو بە تۆزی

بۆیەزۆکاوی ، تۆزاوی و چڵکن
یا خوا هەموو دەم بەتۆزێ دوژمن
وائەزانۆت دێشێ تۆ چەماوەیەوە
یا زانە سەعرت لە کەلە وەک من

لەری وایەمن کەوتومە گێژاو
هەموئەندامم بە تیر سواخ کراو
سەرلەبەیانی کەتەچمە مەیدان
هەتا ئێوارە نایەمەوە دواو

غەیری زەمەکان من پشونادەم
ئەویش کەرەسەغزەم دەکەن بەهەم
خشت دەبێ بیرم بەرۆژ و شەوێ
خەوم بۆناکرێ شێواوی ئەوەم

پێم دەڵێن دەبێ ، مەیان تەمیز بێ
جێگایی بەرچونەی تۆپێ پیس بێ
تەختێدەکەم و چاڵی نایەڵم
ئاویرژێن دەکەم ئاوەکو خیس بێ

تەختە مەیدانیان داسێ مەیدان کێش
پێم هەڵناگیرێ بە باری کەرێشان
بەهەر جۆرێ بێ من هەڵی دە گرم
پێی‌دادەهێنم بەراکێش راکێش

برۆمەیدانێ کێهان کار دەکەن
زۆر بەشانازی ئاواقار دەکەن
دەبێکەن بەهار و شادی و رەشترەتۆن
هەزار ئافەرین بۆکێژی وەتەن

دەنگ و ئاوازی چونەوسەر ترانش
قالبی خۆوێن، ڕیزی خشتی باش
دەنگیان ئەمڕوا دوربە دوور
وەکو قرمزی چەکوچی سەنگ ترانش

ئەی بزی کیژی ڕەسوری سابلاخ
دیارە سەرخۆشی ئاڵزاو بەدەماخ
پێنج قالبیت پێیە ، موبارەکت بێ
دیارە چالاکی ، بەکوڕ و کوستاخ

لاوی پیرانشار ئەتۆش بە خێربێی
خەڵکی ئاوشاری ، یاخەڵکی ئادێی
تۆبۆچی هاتی بۆ کورە برا
یابێکاریە ودلخداری ئەوێی

خەڵەی سەردەشتی تۆش وەهای لێرە
باسم بۆبکە شەڕە یا خێرە
هۆی چیە خەڵکی کوردوستان لێرەن
هەرچی بیستوتە، بۆمی وەگێرە

خەڵکی هەرجێی ، سەقز ، بۆکانی
خەڵکی کرماشان ، یا مەریوانی
بێکار یا بەکار تۆ هەر ئو ئاوارەی
لەشارێکی دوور لە کوردوستانی

لێم گەڕێ هەستە وا ڕا مەمێنە
سەری ئەهورە بەسێ هەڵبێنە
چۆری ئاو وەخۆ لەلای دالیشە
باوەڕمز نەبێ کەسێ بیدوێنە

سەلام پورە بەس ، هاتووم ئاووەخۆم
لیوانت بلوێ پاکەمێ بیشۆم
«ئادیوی دەرێ، قوری پیوەیە»
تانەیشۆمەوە لەو ئاوە ناخۆم

ئێرە دوژمنی ئاوی سوێرم
لە ئاوی ساردیش من خۆڵەبوێرم
بەڵام مەجبورم هەر بیخۆمەوە
راستت پێ بڵێم، چاکیش ناوێرم

ئاوەکەی مەیدان ، زۆر تاڵ و سوێرە
دەڵێن مەیخۆوە ، تۆخۆت بیوێرە
زۆرم تینویە، ئەرێ چی بکەم
ئاوی سالمی لێ نیە ئێرە

من خەڵکی خاکی لای کوردستانم
من فێری ئاوی ساردو رەوانم
ئێستا ئاوارەم کەوتوومە ئێرە
مەستی کوڵێرە و دوولکە نانم

پاکی تۆحەستە ، قالب هەڵگرە
سەر تراشی ئێرەو لەمەیدان بەرە
پیاوی بەغیرەت ، جەوهەری کارە
هەرکەس کاربکا لەوشێرە کورە

وەرە ئووزێکە قاڵب داربەوە
برۆ مەیدانێ قالبەبەرکەوە
بە ئلزایە تی وەرە مەیدانێ
قەت مەڵێ کیانە وا نیوەی شەوە

لە کورەخانە من لەتاو قوڕم
قوڕاویە دایم ، پانتۆڵی شڕم
کاتی پشوودان کە دەچمەوە ماڵ
وەک مردوو ئەمن واسارد و سڕم

بەو حاڵەش وەها زوڵمم لێ دەکرێ
لەلایەن زاڵم بەشی من دەخورێ
کەزوڵم نەکا کاتی خۆ ملی
زاڵم دەسوتێ خۆڕاناگرێ

گوێم بۆ ڕادێرە هۆی خاڵە حەمە
لەمپاسە لەبۆ کورە خانەمە
ناوسرێ بۆمن پاکی لەبۆتۆ
کەسێکی دەوێ وەک مامە حەمە

قالبدار دەڵێ ، ئای بۆ دەس کێشێ
خشتم بۆ نابڕێ ، دەستم دێشێ
بە کڵۆی ئەخوساو دەس کێشم درا
تەواودەست و پێم ئاوادەتلێشێ

هەموو پێکەوە دێن بەرەو مەنزڵ
چەندە ناخۆشە کاری نابەدڵ
دەچنە مەیدانی خشت بڕین دیسان
بولبولی شەیدانە ڕوو دێتە گوڵ

خەڵکی ئالانی یا مامەخەلی
چیرۆکی دێوە تووێنم بلێ عەلی
ڕیزی قالبدار کە دەچنەوە ماڵ
گێژ و هێژ بوون وەک بزنە شەلی

تۆڵاوانە بۆی کەهاتی لە ماڵ
ڕەش هەڵگەڕاوی لێت براوە جەماڵ
ڕەنگت زەردە بووە وەک ڕەنگی بەهێ
هەرخۆزیەم بە پارلەم ساڵ تا ئەوساڵ

لە کار کەوتوون بە قاچی گران
ڕوویان کردۆتەلای بیمارستان
بەڵێمە دەبڕن خۆخشتی تواڵی
هەر لەجێی خۆیەوا پۆلەکەمان

هەموکورەکان دوکتۆری دەوێ
دەبێ دەواکەر ڕاوەستێ لەوێ
لەبۆ ڕێدەوروت ئەوان وەک بران
ولە کەمین دان بە ڕۆژ و شەوێ

پلمادت دەوێ دەنوسێ هەزار
دەرزی کیلۆیی وەرگرە بە بار
بە خۆشی کورە ئەم جوتە پیاوە
دەڕوتێنە وە کار کەری هەزار

گەرچی لە وڵاتی خۆم نیە کورە
گەرچی لەوڵاتم دورە
ئینسان کە زیرەبێ منەت هەڵناگرێ
بۆژیانی سەربەرز ئاوابەم جۆرە

پیاوانە ببورە هەموان
سەردانە خستن بۆ چەرخی زەمان
نانی بە مینەت بۆمە سندانە
پیاوانی ببورە وابێژن پێمان

پیاوانە بژی و پیاوانە بمری
ڕابوێرە ژیان بە دەربەدەری
سەر دانەنوێنە بۆ ناپیاوان
بۆ تیکە نانێ مەکە نۆکەری

کار کردنی زۆر هەر وابزا خۆمە
مەکەنەعەیبی ئەمن بۆ لۆمە
جەوهەری ئینسان کارە و ئیش کردن
هەرکەس کار کەرێ ، قەت مەیکەن لۆمە

دواکەوتنی کارنەکەرییە و لەنگە
هەستن ڕێ کەون ، هەستن دەرەنگە
ئەفغانی ئێستابولە ئێرانی
هەرچی کارکەرە بارەکەی لەنگە

ئەفغانی دەکەن کاربۆ ئەربابی
دەڵێ ئێرانی تۆ بۆکار نابی
ئەفغانی دەگرم کەڵێ هەرزانن
ئەمن مەعلومە تۆوەها نابی

دنیایی گیرفانە ، دنیا ، لێی گەڕێ
هەرچی ئەربابە دەرواتە سەرێ
ئەبۆ گیرفانە کە خوێنت دەمژن
زوڵم ومستلوە هەریەک لە بەرێ

ئەرێ پێت چۆنە ئەم خوێن ڕشتنە
ئەم هەموو گیرە و بگر و کوشتنە
ئەم کار و ئیشە گشتی بۆ پوڵە
لە بەرگیرفانە کە زوڵم وتە

کوردی بێکارم تاڵی دەچێژم
کاسبی دەکەم ئارەق دەڕێژم
سەرم دانانەم بۆ ئاسپاسان
ئاحەقی ئێرە لە خاک دە نێژم

کار بۆ گەڕانە ئەگەر بە گەنجەوەری
بەرەی خۆت نییە هەستە لەسەری
چەرخی ڕۆژگارە مەجبورت دەکا
بە ئاوارەیی و بە دەربە دەری

منەت لە شان و باڵم هەڵدەگرم
بو کورد دەژیم و کوردانە دەمرم
بۆوەی ئیحتیاجی ئامەردان نەبم
لە کورەخانە دایم خشت دەبڕم

پاکی وڵاتم گەوهەری ڕوتە
شاخ و بەردەکەی دوڕڕ و یاقوتە
بێ کەسین هەژار ، بۆیە ئاوایە
زێدەم وێرانە، وڵات تابوتە

زێدەم ئاوایە کەچی ئاهێگان
نیشتمان فرۆش پێم بەجێ دێڵان
ئەوان دوژمنی خاک و وڵاتن
لە هەرزەمالێ دەرۆن و یەکان

هەژارم کوردم ئەمن بێکارم
کار بۆ ئامەردە بۆیە داخ دارم
لە وڵاتی خۆم کاری لێ نیە
وێڵ و ئاوارەی ئەوشار ئەوشارم

ئەگەر وەک بەوری ، یا وەکو بازی
ئەگەر کار بکەی گیانە مومتازی
ئەگەر پەلەوان پاشێری ، نێری
هێشتا ئەرباب لێ نابێ ڕازی

تێ دەکەی قاڵب ، تاقەتاقەبەچوون
خشت دێنە دەرێ وەک قاڵبی سابوون
ئاخری سەلێش خشتێکت بشکێ
لێت توڕە دەبێ وەک شێتو جنون

بەتۆزدەگێرێ هەزار بەهانە
پێ دەڵدە گرێ لە پوڵ ، دانە
مار بەڵسەی خۆش لە کون دێتە دەر
دەبێ بگونجێی لە گەڵ زەمانە

ئەگەر خشت دەشکێ ئەگەر گرۆڵە
هەمیشە ئەرباب ، بەمۆڵە ، بۆڵە
قاڵب ئەشکێنێ ، ماسە زۆر ئەبەی
تۆکوێی پێ مەدە دەنگی دەمۆڵە

زۆریش بە زیانی تۆ دەکاکەسە
ئینسافی نیە ویژدانی کەمە
لە نیوەی ساڵ حاجوابت دەکات
ئەو هێندە تێرە لە تۆبێ خەمە

بەڵام ڕۆڵەی کورد، وریا و زیرەکە
ئەرباب هەمیشە بە ویتکە ویتکە
قسەی بێ جیگابەرلستی نیە
وەکوچووایە ، دۆکوڵیوی پێکە

گەرچی ئاوارەیی بڕای بەرێزم
سەرت بەرز کە بڵێ بە هێزم
چارەمان نیە ، زەمانە وایە
دوژمنە ئیتر بۆ گەل و هێزم

کەس نیە بڵێ ئەم خەڵکە بۆچی
سەرلێ شێواوون ، ئاوارە کۆچی
کەس نیە بداتە دەمی زاڵم
پێی بڵێ ئاخر ، لەوچیە ، تۆچی

دنیا بە دەستی کەرو گایێکە
هەر جاشە کەرە خۆ پاشایێکە
دین دیدار کەسێکە نەزان و گێژێ
هەرکەس گاگرە ، وەک زانایێکە

بە سەربەرز بژی بە نان و ئاوێ
سەرت دانەخەبۆ هەر ناپیاوێ
دنیا هیچ نیە بڕای بەرێزم
مەفرۆشە مەردی لە پێناو ناوێ

هەرکەس کەدەستی بگاتە نانێ
کۆشکێکی هەبێ کاتی شەو زیانێ
ژیانی خۆشە بە دڵ ئازادە
بۆخۆی ئاغایە ، قەدری دەزانێ

دوژمنە بۆ تۆ چەرخی ڕۆژگار
بۆ پیاوی فەقیر کەس نەماوە یار
لەتۆ لە ڕۆژگار جیانابێتەوە
گازت لێ دەگرێ وەکو سەگی هار

بە توانج و پلار یا بەدحاڵی
لە کورەخانەی یا لەسەر باخی
لە هەرلایێ بی ژێر دەستی لەتۆ
زوڵمت لێدە کا زاڵمی یاخی ،

کۆنە پەرەستان رێگات پێ دە گرن
سەرلەدەخەن و بەحیزی دەمرن
حەق بێژی لایان پێت پێ دەکەن
راستت پێ بڵێم ناحەق وەردەگرن

دەستی لێ مەدە لە خەرجی گران
وا خوێن مان دەمژن دەس فرۆشەکان
تەواوی دنیا پڕ بو لە بێداد
تا سەر ئاوابێ ناخۆشە ژیان

کوردی پەلیم وبێ پەرو باڵم
لەدەس ئەم چەرخە دایم دەناڵم
لە نێو تەپ و تۆز هەمیشە خەستەم
لەبەر ئەوەی من ڕوت و رەجاڵم

هەرکەلی کوردە ئاوا دەربەدەر
وابە ژوکاوە بە دەردو کەسەر
دەبنە ژێردەستی سەرمایە داران
دڵی کورد دەردە تەواو سەر بە سەر

هەر کەلی کوردە کەلێی قەوماوە
سالەهای ساڵە بەشی خوراوە
کوردە بێ ماڵ و بێلانە کرا
کوردە ئاوارەی کورە و کەلاوە

قوچل بروا ١٣٧٢/٤/٢٥

پشتیوانی قورئان

خۆ موحەممەد خۆی دەفەرموێ ، دین لە غوربەت هاتەدی
دێتەوە غوربەت بە جارێ دەخیلم گومڕانەبی
دین لە غوربەت هاتەدی ، ئەی موسڵمان با پێت بڵێم
دینت دەر نابەی ئەگەر ئیسلام و وریا نەبی
تۆقسەی قورئانێ شل‌کەی ، کەی موسڵمانی لەتۆ
زیدەی قورئانی بنا سە زانیەرەن تۆتە دی
بەرەو ڕوی بێدین بوەستە بێرەمەیدانی خەبات
گەر رەموسڵمانی بە ڕاستی وایە فەرمودەی ئەبی
ئەوپەرێ قورئان ببینێ ، کەوشەکەی پێ دەستێ
هاتودین ئاواشکست بو ، ئۆیی موسڵمان بۆبی
گەرموسڵمان نی لەدین دەرچوی بڵێ من کافرم
هەتاکەی ئۆلە ژێرسایەی موسڵمان دێی و دەچی
ئەوهین بە ئامۆس و بەقورئان و بە دینی ئۆلەکەن
وەک پڵنگێ ڕاپەرە هەستە هەتاکەی ئۆئەزای
دینی ئیسلامێ پەرەی ساند، تێک شکان بتخانەکان
ئەی برا ئۆباش بزانە دین بە ڕەحمەت هاتەدی
دەروێشێکی بێ‌سەوادی هیچ نەزان چیهێ‌مەڵێ
هەجوی شێخی کە ئەبینی ئەت کوژێ وریا نەبی
دوژمنان دێن ئاشکرا، دەست لە قورئان وەردەدەن
ئەرهەمو نیستنی تێ بیهەکێ نابزوێ ئەبی
موسڵمانی ڕاستەقینە هیچ ناترسێ لە دوژمن
ئەوموسڵمانی بەدینەئەی برا کوانی لەدبی
هەرکەسێ قورئان نەخوێنێ ئەوە دینی نیە
ڕواڵەت هیچ بە کارنایی لە نوێژابی یا نە بی

دین مەفرۆشە بە دنیا بۆ پلە و پایەو مەقام
دنیا پەرست ترسە نۆکە جالەتۆش با وانەبی
تۆ ئەڵێی وەموسڵمانم ، موسڵمانی تۆ کوا
حەسلەبۆدینی تۆ دێنیٚ وەک مەرامی لەجنەبی
موسڵمانی ڕاستەقینە وانیە ، لەی برای بە ڕێزکوا
تیٚ کولت ئەڵە، بیٚ بەری وەک دوەکتو دارەبی
ئەو کە سەئیسلامی پاکە پەیڕەوی ئیسلام بکا
جان فیدایی خۆبە کوشت دا لەرێی قورئان و نەبی
برێژە خوێنت لە ڕێگەی زەحێی قورئانیٚ برا
وەکوشێربێرە مەیدانیٚ ، سەرکەوە باسەر کەوی
دلٚ مەبەستەبەم جیهانە مەچۆ سەر قەولی ئەوان
دنیا هەر بۆ ئیمتیحانە زەرڕەیی کومرانەی
مەچۆسەر قەولی ئەوانەی وادەڵێن کوردکافرە
بەرەو ڕوی وەک شێر بوە ستەملیٚ تۆ لا مەسیەبی
ئەو کەسەی دنیای دروست کرد لە نەبو هێنایە دی
پشتیوانی مەحکەمە بۆمە خودایی بەرزو ئەوی
پاکیا تۆش گەر موسڵمانی بە ڕاستی وابکە
هەتا ماوی لە دنیادا، لە سەر ڕێی وی لانەچی